# سەربەخۆیی کوردستان مافێکی ئایینی و نەتەوەییە

ماوەیەکە زۆر بە جددی سەرکردایەتی سیاسیی کورد بە شێوەیەکی گشتی و جەنابی سەرۆك بارزانی بە شێوەیەکی تایبەتی هەنگاو دەنێت بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و راپرسی لەسەر سەربەخۆیی کوردستان و هەنگاوەکان زۆر بە خێرایی دەڕۆن، رۆژ لە دوای رۆژ پشتیوانی و پشتگیری ئەم پرسە لە دۆستانی کورد بەدی دەکرێت، لە هەمان کاتیشدا ناحەزان رق و کینەیان هەڵدەڕێژن.

هەنگاوەکانی کورد بەرەو سەربەخۆیی و دیاریکردنی چارەی خۆنووسین بە هەوەنتە نەهاتووەتەدی، بەڵکو ئەم بڕیارە جوامێرانە لە پاش هەوڵ و تێکۆشانێکی بەردەوام هات بە درێژایی ساڵانی رابردوو، بەتایبەتی دوای ساڵی ۲۰۰۳ز، و پەسندکردنی دەستووری نوێی عێراق، هەوڵە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی سەرکردایەتی سیاسیی کورد و بەشداربوونیان لە دارشتنەوەی سیاسەتی عێراقی دوای سەدام، بەڵام سەرەرای هەوڵی کورد بۆ دەستەبەرکردنی بەرقەراربوون لە عێراق و هەستکردن بە مافەکانی و دروستکردنی داهاتوویەکی گەش بۆ رۆڵەکانی، رۆژگار پێچەوانەکەی سەلماند، کە گەلی کورد لە عێراقی دوای سەدامیش بە هیچ شێوەیەك هەستیان بە مافە رەواکانی خۆیان نەکرد، بە ڵکو زوڵم و ستەم و بێبەشبوونیان لە مافەکانی هاونیشتمانیبوون بەردەوام بوو، لە هەمان کاتیشدا هەوڵەکانی حکومەتی ئێستای عێراق بۆ گۆڕینی رێڕەوی دیموکراتی لە عێراق و دیارکەوتنی دیکتاتۆرییەتێکی نوێ و پەراوێزخستنی کورد لە پرسە چارەنووسسازەکان بەردەوامە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە گەلی عێراق بەهەموو چین و توێژەکانی، کۆتاییان بەو سەردەمە رەشەی دیکتاتۆری هێنا، سیستەمی دیموکراتییەکی هەمە لایەنی و فیدراڵییان هەڵبژارد، وەکو دەسەڵاتێکی نوێ بۆ بەرێوەبردنی وڵات، بەڵام بەربەرەکانێکردن و دژایەتیکردنی کورد لە پاش ئەم هەموو هەوڵانە وەك رۆژی رووناك دیار و بەردەوام بوو، سەربارەی ئەوەی خەڵکی وا هەبوو بە گەمژە و گاڵتە سەیری کوردی دەکرد، هیچ دانیان نەدەنا بە مافە سیاسی و ئابوورییەکانی، هاوکات بەردەوام بوون لە بەکارهێنانی هەموو جۆرە سیاسەتە سەرنەکەوتووەکانیان کە رژێمە بۆگەنەکانی پێشوو پەیڕەویان دەکرد، بۆیە مافێکی یاسایی و شەرعی و سروشتییە کە سەرکردایەتی سیاسیی هەرێمی کوردستان بگەرێتەوە بۆ بڕیاری گەلەکەی و هاووڵاتیانی هەرێم بڕیار لەسەر ئایندەی خۆیان بدەن.



د. عەبدوڵلا مەلا سەعید*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

زۆریش لەوانەی دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، خۆیان لەژێر پەردەی ئایین دەشارنەوە، مەبەستیشیان لەمە گەیشتنە بە مەرامە گڵاوەکانیان لە قەدەغەکردن، یان بە حەرام زانینی مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد، ئەوان ئەمە نابینن کە بۆ خۆیان زیاتر لە بیست دەوڵەتی عەرەبیان دروستکردووە، لەگەڵ ئەوەش نکۆڵی دەکەن کە کورد لەسەر ئایندەی خۆی بڕیار بدات و ببێتە خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

لەهەمان کاتدا پێویستە ئەمە روون بکەینەوە کە هیچ بەربەستێکی شەرعی و ئایینی نییە، هەروەها هیچ دەقێکی ئیسلامیش نییە ببێتە رێگر لەوەی کە گەلی کورد بێبەش بکات لە دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، ئەمەش هاوشێوەی گەلانی تری دنیا، بە هیچ شێوەیەك ئیسلام ئەم بەربەستەی نییە، بەتایبەت لەگەڵ هەبوونی چەندەها دەوڵەت کە زۆربەیان ئیسلامین لە جیهاندا، بەڵکو واجبە بەتەواوی باوەڕمان وابێ، هەموو ئەو لایەن و کەسانەی کە کۆسپ دەخەنە پێش هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی، هەر هەموویان گوناهبارن لە رووی شەرعەوە، چونکە مافی خۆشگوزەرانی و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی یەکێکە لە نیعمەت و بەخشینەکان کە خوای گەورە بە بەندەکانی داوە.

گرنگترین ئەم رەخنانەی هەن لەسەر سەربەخۆیی کوردستان و شادبوونی گەلی کوردستان بە مافی چارەی خۆنووسینی ئەمەیە: کە جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق، جیابوونەوەیە لە ئوممەی ئیسلامی و پارچەپارچەکردنی عێراقە، ئەم سەربەخۆییەش دەرگا دەکاتەوە لە پێش پارێزگا و هەرێمەکانی تر بۆ جیابوونەوەیان لە عێراق، ئەوکات عێراق دەبێتە پێشەنگێکی خراپ بۆ دەوڵەتانی تر، لە وازهێنان لە خاکی خۆی، میللەتی ئیسلام پارچە پارچە دەبێت!

بۆ ئەوەی ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە روون بکەینەوە، دەڵێین: ئەم میللەتانەی دەور و پشت و دراوسێی کورد لە عەرەب و فارس و تورك کاتێ کە لە دەوڵەتی عوسمانی جیابوونەوە، بۆچی ئەوکات هیچ جیابوونەوەیەك رووی نەدا لە ئوممەی ئیسلامی، تاکو ئێستا گومانی خراپ و نا بەجێ ببردرێ بەرامبەر بە میللەتی کورد، ئەگەر دەوڵەتی کوردی بێتە کایەوە و سەربەخۆ بێت، هەروەها بۆ ئەوەی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ بێت و خێر و خۆشی بدەینێ لەم بەخشینەی کە خوای گەورە بە

هەمـوو گـەل و میللەتانـی داوە کـە سـەربەخۆییە، بـەچ مافێـك بۆیـان هەیـە گەلـی کـورد بێبـەش بکـەن لـەم بەخشـین و خێـرو خۆشـییە؟ خـوای گـەورە دەفەرمـوێ: «قـل أرأيتـم مـا أنـزل اللـه لكـم مــن رزقٍ فجعلتــم منــه حرامــاً و حــلالاً قــل اللــه أذن لكـم أم عـلى اللـه تفـترون»، واتـە: بـەم بێ بڕوایانـە بڵـێ، پێـم بڵێـن هەندێـك شـتتان حـەرام کـردووە و هەندێکـی ترتـان حـەلاڵ کـردووە و بـە ڕەواتـان زانیـوە، ئایـا خـودا ئـەم مۆڵەتـەی پێداون، یـان درۆ دەکـەن بەنـاوی خـوداوە؟

ئەگـەر ڕاگەیاندنـی سـەربەخۆیی کوردسـتان جیابوونەوە بێت لە ئوممەتی ئیسـلام و دابەشکردنی بێـت، ئـەوا ئـەم میللەتانـەی کـە پێشـتر باسـمان کـردن، پێشـەنگ بـوون و ئێمـە لـە دوای ئەوانیـن. ئەگـەر کارەکـەی ئـەوان بـاش بێـت، ئـەوا ئێمـەش چاویـان لـێ دەکەیـن، یـان ئەگـەر زۆرداری و سـتەم بێـت، ئـەوان پێـش ئێمـە کردوویانـە و دەسـتپێشـخەر بـوون، ئێمـە بـە هیـچ شـێوەیەك سـتەم و زۆرداری ناکەیـن، بەڵکـو هـەردەم سـتەممان لێکـراوە و دەکرێـت، ئەگـەر دروسـت بێـت بـۆ دەوڵەتـان و میللەتانـی تـر دەوڵەتـی سـەربەخۆیان هەبێـت، ئـەی بۆچـی بـۆ کـوردان دروسـت نییـە لـە سـەر خاکەکـەی خۆیـان قەوارەیەکـی سـەربەخۆیان هەبێـت؟ خـوای گـەورە دەفەرمـوێ: «ولا تقولـوا لمـا تصـف ألسـنتكم الكـذب هـذا حـلالٌ و هـذا حـرامٌ لتفـتروا عـلى اللـه الكـذب إن الذيـن يفـترون عـلى اللـه الكـذب لا يفلحـون»، واتـە: لـە خۆتانـەوە مەڵێـن ئـەوەی کـە بـە زوبانتانـدا دێـت بـە درۆ، ئـەوە حەلاڵـە و ئـەوە حەرامـە، بـۆ ئـەوەی درۆ هەڵبەسـتنە بـەدەم خـوداوە، بـە ڕاسـتی ئەوانـەی درۆ هەڵدەبەسـتن بـە نـاوی خـوداوە، ڕزگار نابـن.

قورئانـی مـەزن داوا لـە موسـڵمانان دەکات کـە یـەك میللـەت بـن، نـە یـەك دەولـەت بـن، جیاوازی زۆریـش هەیـە لـە نیـوان ئـەم دوو دەسـتەواژەیە، ئەمـەش مەبەسـتە لـەم ئایەتـەی کـە دەفەرمـوێ: (إن هــذه أمتكـم أمـة واحـدة، وأنـا ربكـم فأعبـدون)، واتـە: بەڕاسـتی ئـا ئەمەیـە ئایینـی ئێـوە، کـە یـەك ئایینـە، ئایینـی هەمـوو پێغەمبـەران، منیـش پەروەردیگارتانـم، تەنیـا مـن بپەرسـتن، کەواتـە ئیسـلام ئاییـن و میللەتـە، بـەڵام ئاییـن و دەوڵـەت نییـە.

ئەگـەر بـە شـێوەیەکی خێـرا چاوێـك بخشـێنین بـە مێـژووی ئیسـلامدا، بەهیـچ شـێوە بەربەسـتێ نابینیـن لـە دروسـتیی دروسـتکردنی دەوڵەتـی کـوردی، ئـە مـەش بـەراورد بـە ڕوداوەکانـی مێـژووی گـەلان و میللەتانـی ئیسـلام، لەبـەر ئـەوەی مێـژووی ئیسـلام بـە ڕوون و ئاشـکرا چەنـد دەوڵەتێکـی ئیسـلامی بەخـۆوە بینیـوە لـە یـەك کاتـدا، وەك دەوڵەتـی ئەداریسـە و ئەغالیبـە و دەوڵەتـی ڕۆسـتەمییە لـە خۆرئـاوای نەخشـەی عەرەبـی، زۆر نموونـەی تـر هـەن کـە باسـمان نەکـردوون لەبـەر درێژەنەدانـە بـە باسـەکە.

لێـرەدا دەمەوێـت ڕاشـکاوانە هەڵوەسـتەیەك لەگـەڵ ڕووداوەکانـی کێشـە گەورەکـەی نێـوان سـەحابەکان (خـوای گـەورە لێیـان ڕازی بێـت) بکەیـن، موعاویـەی کـوڕی ئەبـو سـوفیان هەڵسـا بـە دابڕینـی شـام لـە دەوڵەتـی ئیسـلامی، لـە پـاش ملکـەچ نەبوونـی بـۆ عەلـی کـوڕی ئەبـو تالیـب، ئەمەشـی بـە بیانـووی تۆڵەسـەندنەوە لـە بکوژانـی خەلیفـە عوسمانی کـوڕی عەفـان بـوو. ئـەوەی لـەو سـەردەمای ڕووی دا هەوڵێـك بـوو بـۆ جیابوونـەوەو سـەربەخۆیی ناوچەیـەك لـە ناوچـەکان لـە دەوڵەتـی ناوەنـد، بـە بەڵگـەی ئـەوەی کـە موعاویـە شـامی بەهێـز و شـورەدار دەکـرد و کاروبـاری ڕێکدەخسـت، تاکـو بارودۆخـی بـۆ بڕەخسـێ بـۆ جیابوونـەوە، ئـەم هـەوڵ و تەقـەلای موعاویـە ڕێـك وەك جیابوونـەوەی هەرێمێکـی فیدراڵـی بـوو لـە دەوڵەتـی ناوەنـد، سـەرباری ئـەم هەمـوو کارانـەی کـە موعاویـە کـردی، دەبینیـن کـە خەڵکـی سـوننە ڕێـز لـە موعاویـەی کـوڕی ئەبـو سـوفیان دەگـرن و شـەرعییەتی پـێ دەدەن و ڕەخنـەی لەتکردنـی ئوممـەی ئیسـلامی لـێ ناگـرن، هەرچەنـدە ئـەو دەرچووبـوو، بەرهەڵسـتی کردبـوو لـە ئامـۆزای پێغەمبـەر درودی خـوای لەسـەر بێـت، ئـەو هەڵسـا بـە جیابوونـەوە لـە نـاو جەسـتەی دەوڵەتـی ئیسـلام کـە یـەك پارچـە بـوو پێـش ئـەو، ئەگـەر بێتـو بەهانـەی موعاویـە لـەو سـەردەمە جیابوونـەوەی لـە دەوڵەتـی ئیسـلام و ملکـەچ نەبـوون بـۆ سـەرۆکایەتی ئەمیـری بـاوەڕداران بێـت و تەنیـا داوای تۆڵەسـەندنەوە بـوو بـێ لـە بکوژانـی ئامـۆزای خـۆی کـە ئیمامـی عوسـمان بـوو، ئایـا مافـی کـورد نییـە داوای مافـی چـارەی خۆنووسـین و جیابوونـەوە بـکات لـە عێراقێـك کـە جگـە لـە نەهامەتـی و

خراپەکاری زیاتر هیچ خێری تریان لێ نەدیوەو ئەو ژمارە زۆرەی کورد قەتڵ و عام و بێ سەر و شوێن کراون کە لە ئەژمار نایێ لە لایەن رژێمە دیکتاتۆرە عارەبەکانی یەك لە دوای یەکی عێراق، ئەگەر ئەوەی موعاویە ئەنجامی دا، میراتێکی کەلەپووری ئیسلامی سوننی بێت بۆ جیابوونەوە، ئەوا بێگومان ئیسلامی شیعە و مێژووەکەی لەمە بەدەر نییە، ئەوەندە بەڵگەمان پێ دەدەن بە ئاشکرا لەسەر جیابوونەوە، بۆ ئەوەی بتوانین بەرپەرچی ئەم وتە نامۆیانە بدەینەوە، کە جیابوونەوەی کوردیان لە عێراق پێ دروست نییە، حوسێنی کوڕی عەلی دەرچوو لە دەوڵەتی ئەمەوی، هەوڵی دا دەوڵەتێك، یان قەوارەیەکی سەربەخۆ لە شاری کوفە دروست بکات، بە بەهانەی ستەم و زۆرداریی بەنی ئومەییە و لادانی لە راستەڕێی خیلافەت، ئەوەی ئاشکرایە کە دانیشتووانی هەرێمی کوفە لەو سەردەمە پێویستیان بە دەسەڵاتێکی سیاسی هەبوو بۆ دانانی دەوڵەت، ئەم پێویستییە هەمان مەرجی واجبە ئەگەر مەرجەکانی بێنەدی لە سەردەمی ئەمڕۆ لە یاسای نێودەوڵەتی بۆ راگەیاندنی دەوڵەتێك لە سەردەمی ئێمەدا، ئەم مەرجانەش ( هەرێم – گەل – دەسەڵاتی سیاسی ) ئەمانەش هەموویان لەکوردستاندا هەن، تەنیا ئێمە پێویستمان بە دانپێدانانی دەوڵەتان هەیە. بەدرێژایی مێژوو لە هیچ کەسمان نەبیست کە نکۆڵی بکات لە دەرچوونی حوسێنی کوڕی عەلی لە فەرمانی بەنی ئومەییە و هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوفە، هیچ کەسێ تۆمەتباری نەکرد بەوەی کە میللەتی ئیسلامی بەشبەش کردووە!

ئەوەی شایەنی باسە بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە رای زانایانی فیقهی ئیسلامی بدەم، دەربارەی مەسەلەی هەبوونی چەند دەوڵەتێکی ئیسلامی لە یەك کاتدا، هەرچەندە زۆربەی زانایان رایان لە سەر یەکپارچەیی دەوڵەتی ئیسلامە کە یەك ئیمامی هەبێت و یەکگرتوو بن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئاماژە بەوە دەکەن ئەگەر پێویست بوو ئەوا ئاساییە چەند دەوڵەتێکی ئیسلامی هەبێت، هەریەکە و ئیمام و بەڕێوەبردنی سەربەخۆی هەبێت.

هەر یەك لە ئیمامی نەوەوی و ئیمام ئەلحەرەمین زانا جوینی و ئیبن و حەزم و محەمەدی کوڕی کیرامی سوجستانی و ئەبو ئەلسەباحی سەمەرقەندی و زۆری تریش راشکاوانە فەتوایان داوە کە زۆر ئاساییە لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندی هاوولاتیان و لە سەر بنەمای رێز لێك گرتن چەند دەوڵەتێکی ئیسلامی و هاوسنوور و دراوسێ هەبێت و هەر یەکەو فەرمانڕەوای خۆی هەبێ.

چەندین دەوڵەتی ئیسلامی لەم سەردەمەی ئێستا بوونی هەیە و نکۆڵی لێ ناکرێ، بارودۆخی نێودەوڵەتی وا دەخوازێ، بەڵام ئەم دەوڵەتانە دەتوانن یەکگرتوو و رێك و پێك بن لەگەڵ یەکتری لە لایەنی سیاسی و ئابووری بە گوێرەی خواستی بەرژەوەندیی ئەم دەوڵەتانە.

ئەگەر کەلەپووری فیقهی و مێژوویی شایەد بن لەسەر جیابوونەوە و دروستکردنی چەند دەوڵەتێك و دابەشبوونی دەوڵەتی ئیسلام بۆ چەندەها دەوڵەت کە لە یەکتر جیابن و سنووردار بن، هەر یەکەو لەژێر فەرمانڕەوایی سەرداری خۆی بێت و هەر یەکە لەوەی تر جیاواز بن، بەم جۆرە زۆر لە زانایانی فیقهی مۆڵەت دەدەن بە هەبوونی چەند ئیمامێك لە ناو میللەتی ئیسلام، ئەی بۆچی ئەمانە بە دروستی نازانن کەوا کورد وەك نەتەوەیەکی ناوچەکە قەوارەیەکی سەربەخۆی هەبێت؟ ئایا ئەم بەهانەیان لەژێر پەردەی ئیسلام دەشارنەوە، بۆ ئەوەی رق و کینە بۆگەنە و رەگەزپەرستیەکان بڵاو بکەنەوە؟

بۆیە پێویستە هەموومان ئەم قەناعەتەمان لا دروست ببێت کە دەوڵەتی کوردیش بەڕێوەیە و هیچ بەربەستێکی ئایینی و شەرعی نییە کە رێگر بێت لە هاتنە کایەوەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، پێویستیشە بە یەکدەنگی و بە یەکڕیزی پشتگیری و پشتیوانی تەواوی هەوڵە دیپلۆماسییەکانی جەنابی سەرۆك بارزانی و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان دووپات بکەینەوە و بە شێوەیەکی جددی وەڵامی تەواوی هەموو ئەو رەخنە و تۆمەتانە بدەینەوە کە ناحەزانی کورد لێرە و لەوێ خەڵکی نەزانی بێ چەواشە دەکەن.

---

*** سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئاینی ئیسلامیی کوردستان**

# شیکردنەوەیەک بۆ دەوڵەتی کوردی و یاسای نێودەوڵەتی

دەوڵەتی کوردی بە مانای جیابوونەوەیە لە عێراق، ئەمەش لە یاسای نێودەوڵەتی ئەوە دەگەیەنێت کەوا دانیشتووانی هەرێمێك کە بەشێکە لە دەوڵەتێك، دەردەچن لەو دەوڵەتە بەمەبەستی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتێکی تازە کە هەر یەکە لە توخمە یاساییەکانی (هەرێم، دانیشتووان و دەسەڵاتی سیاسی) لە خۆیدا دەبینێت، ئەمەش بریتییە لە دوو قۆناغ، قۆناغی یەکەم جیابوونەوەی هەرێمە لە دەوڵەت. واتا دەرچوونی لە کۆنترۆڵی دەوڵەتەکە، قۆناغی دووەمیش بریتییە لە گۆڕانکاری، واتا ویستی سەربەخۆیی.

سەبارەت بە جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان خۆی پشت دەبەستێ بە چەند بنەمایەك کە بریتین لە بنەما یاساییەکانی پەیوەست بە مافە مێژووییەکان و سیاسەتی جینۆساید و پێشێلکردنی دەستووری فیدراڵی لەلایەن حکومەتی مەرکەزی، یاخود هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی و ئابلۆقەی ئابووری، مانەوەی بارودۆخیش بەم شێوەیە کاردەکاتە سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، هەروەها لە کاتی خۆیدا گەلی ئەم هەرێمە دژ بە ویستی خۆیان بە عێراقەوە لکێندراون، بۆیە بنەمای پێکەوەژیان ئەستەمە لەم دەوڵەتەدا.

بنەما سیاسییەکان خۆیان لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە دوای (١٩٩١)وە جگە لە گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکان خۆی دەبینێتەوە لە سیستەمی نێودەوڵەتیی تازە و گۆڕانکارییە هەرێمییەکانی پەیوەست بە گۆڕانی هەڵوێست، بەڵام هەر چۆن بێت تەگەرە هەیە بەرامبەر ئەم حاڵەتە کە بریتین لە تەگەرە نێوخۆییەکانی پەیوەست بە بەغدا، بەوەی کەوا دەستووری فیدراڵی لە عێراق ٢٠٠٥ دانی نەناوە بە مافی چارەی خۆنووسین، هەروەها کەلتووری باوەڕبوون بەم مافە لەلایەن عەقڵییەتی عەرەبی بوونی نییە، جگە لە گۆڕانکارییەکانی پەیوەست بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بەپێی (مادەی ١٤٠) چۆن چارەسەر دەکرێت، لە کاتی هاتنەکایەی دەوڵەت. هەروەها چەند بەربەستێکی دیکەی ناوخۆیی پەیوەست بە کوردستان وەك فاکتەری سیاسی. ئابووری. یاسایی (نەبوونی دۆکیۆمێنتی دەستووری نووسراو)، هەروەها سەربازی (ئایا هێزی پێشمەرگە چ پێگەیەکی هەیە؟) جگە لە مانەی سەرەوە تەگەرە



د.نەژدەت ئاکرەیی

بۆ گوڵانی نووسیوە

دەرەکییەکانی پەیوەست بە لایەنە هەرێمییەکان و وڵاتانی دراوسێ (ئێران، تورکیا، سوریا) هەروەها لایەنە نێودەوڵەتییەکان (ئەمریکا، یەکێتی ئەوروپا) هەڵوێستیان ناڕوونە لەم مەسەلەیەدا، بەهەمان شێوە چۆنیەتی مامەڵەکردنی UN لەگەڵ ئەم بابەتەدا.

هەر چۆنێك بێت میکانیزمەکانی جیابوونەوە بریتین لە راگەیاندنی جیابوونەوە لەسەر بنەمای رێککەوتن، یاخود تاکلایەنە. یاخود ریفراندۆم و لە کۆتاییدا دانان بەم واقیعە و ئاسەوارەکانی جیابوونەوە بریتین لە کاریگەرییەکان لەسەر پەیمانە نێودەوڵەتییەکان. موڵکە گشتی و تایبەتییەکان، قەرزە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان. رەگەزنامە، سیستەمی یاسایی تازەی دەوڵەتی تازە.

ئەوەی زۆر گرنگە مەسەلەی دانپێدانان (الاعتراف)ـە لە راستیدا کە دەوڵەت بە شێوەیەکی واقیعییانە دێتەکایەوە پێویستە لەلایەنی یاسایی دانپێدانان هەبێت و لەوانەیە ئەم دانپێدانانە دیفاکتۆ بێت و، لەوانەیە جێگیر بێت، یاخود رابکێشرێتەوە، بۆیە لەوانەیە ئەم مەسەلەیە پێویستی بە لەسەر وەستان هەبێت.

هەر چۆنێك بێت، پێویستە ئەزموونەکانی (تەیموری رۆژهەڵات، باشووری سوودان، کۆسۆڤۆ) لەبەرچاو بن بۆ ئێمە. ئەوەی گرنگە دەستنیشانکردنی شێوازی دەوڵەتی (سادە، مورەکەب، فیدراڵی، کۆنفیدراڵی، هەروەها سیستەمی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی)یە.

کەسایەتی یاسایی دەوڵەتی راگەیەندراو رادەوستێت لەسەر دانانی (کاشف) یاخود دانانی (مونشیء). راگەیاندنی دەوڵەت خۆی لە بنەمای مافی چارەی خۆنووسین، مافی ویلایەتەکانی فیدراڵ دەبینێتەوە. بەڵام هۆکارەکان بریتین لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، چەوساندنەوە، ئەستەمیی پێکەوەژیان، مافە مێژووییەکان، ریفراندۆم، پێشێلکردنی دەستوور.

فاکتەرە ناوخۆییەکانی سەرکەوتنی راگەیاندنی دەوڵەت خۆی لە: (رۆڵی گەل، پێگەی هەرێم، رۆڵی حکومەت، سەقامگیریی سیاسی، توانا دامەزراوەکان) دەبینێتەوە، بەڵام فاکتەرە دەرەکییەکانی سەرکەوتنی راگەیاندنی دەوڵەت خۆی لە: (هەڵوێستە نێودەوڵەتییەکان، هەرێمییەکان، رۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و مەرجەکانی وەرگرتن لەم رێکخراوە) دەبینێتەوە.



### کرەیگ دۆگلاس پسپۆڕی زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# کوردستان دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی دانپێدانانی چەند دەوڵەتێک بەدەست دەهێنێت و هیوادارام ئەمریکا یەکێک لەو دەوڵەتانە بێت

کرەیگ دۆگلاس ئەلبێرت پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی ئوگوستا. خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی ئەمریکا. لە چەند بوارێکی بایەخداردا توێژینەوە ئەنجام دەدات، وەك ناكۆكیی ئیتنی و تیرۆریزم، کێشە تیولۆجی-سیاسییەکان و پەروەردەی زانستی سیاسی. بۆ تیشکخستنەسەر دەرئەنجامەکانی سەردانەکەی دۆناڵد ترەمپ بۆ هەر دوو وڵاتی سعودیە و ئیسرائیل و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە سیاسەتی ئەمریکادا لە ئاستی ناوچەکەدا هاتوونەتەئاراوە، هەروەها بۆ شرۆڤەکردنی چەند بابەتێکی دیکەی هەنووکەیی، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە تێڕوانینەکانی خستەڕوو.

*** تێڕوانین و خوێندنەوەتان چییە بۆ سەردانەکەی سەرۆکی ئەمریکا، دۆناڵد ترەمپ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چوونی بۆ هەردوو وڵاتی سعودیە و ئیسرائیل، ئایا گرنگیی ئەم سەردانە لە چیدایە؟**

- پێموایە ئەوە سەردانێکی زۆر گرنگ بوو، دۆناڵد ترەمپ لە میانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا چەند لێدوانێکی دا لەبارەی جیهانی ئیسلامییەوە، لە ئێستاشدا مەبەست لەو سەردانە زیادکردنی رایەڵەی دۆستایەتییە لە نێوان سەرجەم بیروباوەڕەکاندا، کە ئێمە بینیمان دۆناڵد ترەمپ سەردانی سعودیە و ئیسرائیل و ڤاتیکانی کرد، پێموایە ئامانجە سەرەکییەکەشی لەو سەردانە بریتییە لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم، بەتایبەتی داعش، واتە هەوڵێکە بۆ کارکردن لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا بۆ ئەوەی داعش و توندڕەویی ئیسلامی وەك هەڕەشەیەك سەیر بکەن کە پێویستە بەرپەرچی بدرێتەوە.

*** ئەی لەو باوەڕەدا نین کە یەکێك لە ئامانجەکانی دیکەی ئەم سەردانەی دۆناڵد ترەمپ بۆ ئەوە بوو کە هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی ئەمریکا دڵنیا بکاتەوەو لە هەمان کاتدا دروستکردنی فشارێکیش بێت بۆ سەر رکابەرکانی وەك ئێران؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە وایە، چونکە بێگومان دوورخستنەوەی ئێران بۆ ئەوە بووە کە دۆناڵد ترەمپ دڵنیایی بداتە دەوڵەتە عەرەبییە سوننەکانی ناوچەکە بەوەی ئەمریکا لەگەڵیاندایەو بۆ ئەوە بوو بیخاتەڕوو کە ئێران دەوڵەتێکی لە یاسا دەرچووەو سەردانەکەشی هەوڵێك بوو بۆ پتەوکردنی هاوپەیمانێتییەکان لە دژی ئێران.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم سەردانە سەرکەوتوو بووە لەم رووەوە؟**

- بەڵێ، پێموایە، چونکە بینیمان کە پێشوازییەکی زۆر گەرم و ئیجابی لە سەرۆك ترەمپ کرا لە سعودیە و ئیسرائیل، ئەوەش ئاشکرایە کە سعودیە لە گرنگی و بایەخی پابەندبوونی ئەمریکا، یان ئیدارەی ترەمپ، تێدەگات لە بەرامبەر ئەواندا، کە ئێمە رەنگدانەوەکەیمان لە رێککەوتنەکانی فرۆشتنی چەك و ئەو رێککەوتنە بازرگانییانەی دیکەدا بەدی کرد کە لە ئەمریکا و سعودیە واژۆ کران، کەواتە بەڵێ لەم رووەوە سەردانێکی تەواو سەرکەوتوو بوو.

*** بە دڵنیاییەوە ئێوە بەدواداچوونتان کردووە بۆ ئەو وتار و لێدوانانەی لە میانەی سەردانەکەدا دران، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە وتارەکەی پاشای سعودیە بوو کە باسی لەوەکرد تیرۆر و توندڕەوی لە دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئێرانییەوە لە ساڵی ١٩٧٩دا لەم ناوچەیەدا بڵاوبۆتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمریکاش هەمان دید و تێڕوانینی سعودیەی بۆ ئێران هەیە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمریکا وەك دەوڵەتێکی سەرپەرشتیاری تیرۆر لە ئێران دەڕوانێت، لە هەمان کاتدا چەند گرووپێکی شیعە و سوننەی خستۆتە لیستی رێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە، بەڵام لە سەردانەکەی ترەمپدا تەرکیز لەسەر تیرۆر و توندڕۆیی گرووپە سوننەکان نەکرایەوە و پتر بایەخ بە بەرەوپێشبردنی هاوپەیمانیی سوننە درا لە دژی ئێران، کە ئیدارەی ترەمپ بە رێگاچارەیەکی باشی دەزانێت لەم رووەوە. ئێوە دەزانن کە سەرۆك ترەمپ زۆر لەگەڵ رێککەوتنە ئەتۆمییەکەدا نەبوو، لەبەر ئەوە دەیەوێت فشار لەسەر ئێران دروست بکات بۆ دووبارە گفتوگۆکردنەوە لەسەر ئەم رێککەوتنە.

*** ئێوە ئاماژەتان بە رێککەوتنی فرۆشتنی چەك کرد لەگەڵ سعودییەدا، کە دوای واژۆکردنی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەوڵە ناسەقامگیرکەرەکانی ئێرانە لە ناوچەکەدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمریکا دەیەوێت لە رێی ئەم رێککەوتنی فرۆشتنی چەکانەوە سعودیە ببێتە هێزێکی ئەوتۆی سەربازی کە بتوانێت ئێران ئیحتیوا بکات؟**

- بێگومان ئەوە ئومێدی ئەمریکا بووە و بە دڵنیاییەوە ئەمە خواستی سەرۆك ترەمپە، هەروەها ئەمە ویستی سعودیەشە، کە ئێمە دەزانین بەشێك لە رێککەوتنەکە پەیوەستە بەوەی سعودیە خۆی چەك بۆ خۆی دروست بکات و دەستەبەری بکات، کە هەر کاتێك توانرا ئەمەش بەدی بهێنرێت، ئەوا ئومێدەکە ئەوەیە بتوانێت لە رووی جیۆپۆلێتیکییەوە بەرپەرچی ئێران بداتەوە و بەرەنگاری ببێتەوە. بۆ نموونە، ئەوەی ئێستا لە یەمەندا بەدی دەکرێت کە لە نێو شەڕەکەدا لایەنێکیان ئێران پشتیوانییان لێدەکات و لایەنەکەی دیکە سعودیە، واتە لە ئێستادا ئەمە روودەدات لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*** ئێمە بەردەوام گوێمان لە لێدوان و گوتاری توند دەبێت لەلایەن بەرپرسە باڵاکانی ئەمریکاوە لە دژی ئێران، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەر ئێران بە تەواوەتی پابەند بێت بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە چۆن ئەمریکا دەتوانێت ئێران ئیحتیوا و گۆشەگیر بکات؟**

- لە راستیدا ئەمە پرسیارێکی قورسەو منیش نازانم چۆن ئیدارەی سەرۆك ترەمپ چۆن پلان دادەنێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. چونکە ئەگەر وا دەرکەوێت کە ئەوە ئەمریکایە پشت لەم رێککەوتنە دەکات، ئەوا وەك لایەنێکی متمانەپێنەکراو دەردەکەوێت لە نێو وڵاتانی دیکەدا، کەواتە دەبێت ئەمریکا هاوسەنگییەکی هەستیار بپارێزێت لەم رووەوە. واتە ئەگەر بیەوێت لە رێی پاشگەزبوونەوە — لەم رێککەوتنە- ئێران گۆشەگیر بکات، ئەوا ئەمە کێشەی لەگەڵ وڵاتانی دیکە بۆ

**کوردستان دووچاری ئێش و ئازار بوو لەسەر دەستی داعش و حکومەتی عێراق نەیتوانی پارێزگارییان لێبکات، بۆیە کورد دەتوانێت بانگەشەیەکی شەرعی بکات بۆ بەدەستهێنانی خۆبەڕێوەبەری یان سەروەریی تەواو لەسەر بنەمای ئەوەی کە حکومەتی عێراق نەیتوانی پارێزگارییان لێبکات**

**کورد سەلماندوویانە ئیرادەی ئەوەیان هەیە بە شێوەیەکی کارا خۆیان حوکمڕانیی خۆیان بکەن، هەروەها توانای خۆبەڕێوەبەری سیاسییان هەیە، ئابووریی خۆیان هەیە و لە هەمان کاتدا توانای خۆیان پیشاندا لە میانەی شەڕی دژ بە داعشدا، واتە توانایەکی سەربازیشیان هەیە، هەموو ئەمانەش وایان لێدەکات بتوانن ببنە کاراکتەرێکی کارا و شەرعی لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا**

**رۆڵی راوێژکاریی ئەمریکا لە عێراقدا لە بەرژەوەندیی خەڵکی عێراق دەبێت، عێراقیش وڵاتێکی خاوەن سەروەرییە و دەبێت چۆنیەتی مانەوەو رۆڵ بینینی ئەمریکا لەو وڵاتەدا بەپێی رێککەوتن بێت**

> **تێکشکاندنی داعش تەنیا سەرەتایەو دۆخی دواتر پێویستی بە بنیادنانەوەی ژێرخانەکان و دامەزراوە ئەمنییەکان و دروستکردنی بونیادی حوکمڕانیی هەیە بۆ ئەوەی هیچ بۆشاییەک دروست نەبێت کە گرووپە تیرۆریستییەکان لە عێراق و سووریا و هەروەها لە تورکیاشەوە، رەنگە بیانەوێت بە بەزاندنی سنوورەکان پڕی بکەنەوە**

> **دەکرێت ئیدارەی ترەمپ گفتوگۆ لەگەڵ ئێراندا بکات و کاری لەگەڵدا بکات بۆ سەقامگیرکردنەوەی پەیوەندییەکان لە نێوان هەردولادا، ئەمە لە کاتێکدا کە داعش کاراکتەرێکی غەیرەدەوڵەتییە و ناکرێت وەک دەوڵەتێک گفتوگۆی لەگەڵدا بکرێت**

> **زەحمەتە ئیدارەی ترەمپ لە یەک کاتدا دەستڕۆیشتوویی ئێران کەم بکاتەوە و داعشیش تێکبشکێنێت، بەتایبەتی کە دەبینین ئێران رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە کەمکردنەوەی کاریگەری داعش لە عێراقدا**

دروست دەکات، کەواتە دەبێت ئەم راستییە لەبەرچاو بگرێت. لەبەر ئەوە رەنگە لەبری ئەوەی جەخت لەسەر دووبارە گفتوگۆکردنەوە لەسەر رێککەوتنەکە بکات، ئەوا باشتر بێت کار لەسەر ئەوە بکات ئێران پابەند بێت بە رێساکانەوە، خۆ ئەگەر هاتوو ئەم کارەی نەکرد، ئەوا دەتوانێت هەندێ لە سزاکانی بەسەردا بسەپێنێتەوە، هەروەك لە رێککەوتنەکەدا هاتووە.

*** پێدەچێت ئیدارەی ترەمپ هەوڵ بدات لە لایەکەوە دەستڕۆیشتوویی و کاریگەری ئێران لە ناوچەکەدا سنووردار بکات و لە هەمان کاتدا کار بکات بۆ تێکشکاندنی داعش و بەرەنگاربوونەوەی ئەوەی سەرۆك ترەمپ پێی دەڵێت توندڕەوی ئیسلامی رادیکاڵی، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە کارێکی کردەنییە؟**

- بە تێڕوانینی من زەحمەتە ئیدارەی ترەمپ لە یەك کاتدا دەستڕۆیشتوویی ئێران کەم بکاتەوە و داعشیش تێکبشکێنێت، بەتایبەتی کە دەبینین ئێران رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە کەمکردنەوەی کاریگەری داعش لە عێراقدا، واتە کاتێك دەیەوێت دەستڕۆیشتوویی ئێران کەم بکاتەوە، ئەوا دۆخی عێراق خراپتر دەبێت لە دەرئەنجامدا. دواتر ئێمە دەزانین کە داعش هەڕەشەیە بۆ سەر هەموو لایەك، بەتایبەتی بۆ کورد و و رەنگە دۆخەکە ئەوە بێت کە پتر تەرکیز لەسەر داعش بکرێت، پتر لەوەی نیگەرانی هەبێت لەبارەی رۆڵی ئێرانەوە، چونکە دەکرێت ئیدارەی ترەمپ گفتوگۆ لەگەڵ ئێراندا بکات و کاری لەگەڵدا بکات بۆ سەقامگیرکردنەوەی پەیوەندییەکان لە نێوان هەردوولادا، ئەمە لە کاتێکدا کە داعش کاراکتەرێکی غەیرەدەوڵەتییە و ناکرێت وەك دەوڵەتێك گفتوگۆی لەگەڵدا بکرێت. کەواتە پێویستە تەرکیزەکە لەسەر لەناوبردنی داعش و گەڕاندنەوەی مافەکانی مرۆڤ بێت بۆ خەڵکانی ئەو ناوچانە و پاراستنیان لە تیرۆریزم، چونکە ئەمریکا دەتوانێت لە رێی گفتوگۆوە کار لەگەڵ ئێراندا بکات.

*** ئایا هیچ بەرژەوەندییەکی هاوبەش دەبینیت لە نێوان سعودیە و ئیسرائیلدا، بەتایبەتی کە ئەم دوو وڵاتە دوژمن و رکابەرێکی هاوبەشیان هەیە کە ئێرانە، ئایا ئەمە دەبێتەهۆی دروستبونی پەیوەندی لە نێوان سعودیە و ئیسرائیلدا؟**

- من هاوڕاییەکی زۆر بەدی ناکەم، بەتایبەتی کە هەموو شتێك لە ئیسرائیلدا بە هەڵپەسێرداوی ماوەتەوە لە پەیوەندی بە چارەسەری ناکۆکی ئیسرائیل و فەلەستین، کە ئایا دوو دەوڵەت، یاخود تەنیا دەوڵەتێك لەخۆدەگرێت. لەبەر ئەوە من ئومێدێکی زۆر بەدی ناکەم بۆ بەرەپێشچوونی پەیوەندییەکانی نێوانی ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی، یان وڵاتانی دیکەی ئیسلامی تاوەکو ئەو دۆخە چارەسەر نەکرێت، واتە تاوەکو ئاشتی لە نێوان فەڵەستین و ئیسرائیل دروست نەبێت، یاخود چارەسەرێك نەیەتەئاراوە لە نێوانیاندا کە هەردوولا پێی رازی بن.

*** کەواتە ئاستەنگی سەرەکی لەبەردەم ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی سعودیە و ئیسرائیل بەرەوپێشنەچوونی پرۆسەی ئاشتییە لە نێوان ئیسرائیل و فەڵەستین؟**

- لە راستیدا رەنگە تێگەیشتنی هاوبەش لەسەر چۆنییەتی تێکشکاندنی داعش دروست بێت، بەڵام تاوەکو کێشەی فەڵەستین چارەسەر نەبێت، ئەوا زەحمەتە دروستبوونی پەیوەندی لە نێوانیاندا ببینین.

*** ئەوەی پەیوەندی بە پرۆسەی ئاشتی ئیسرائیل و فەڵەستینەوە هەبێت، ئایا ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی ترەمپ چۆن لەم پرۆسەیە دەڕوانیت و ئایا هەوڵەکانی چڕدەکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو پرۆسەیە بەرەوپێش ببات کە لە ئێستادا بە بنبەست گەیشتووە و ئایا ترەمپ ئومێد دەخوازێت چی بەدەست بێنێت لەم رووەوە؟**

- باوەڕم وایە سەرۆك ترەمپ پێیوایە دەرفەتی ئەو بۆ جێهێشتنی دەستکەوتێکی درێژخایەن لە دوای خۆیەوە لە بواری سیاسەتی ئەمریکا و سیاسەتی جیهانیدا ئەوەیە رێککەوتنێك لە نێوان ئیسرائیل و فەڵەستیندا دروست بێت کە هەردوولا پێی رازی بن، ترەمپ راستە خۆی ئەمەی رانەگەیاندووە، بەڵام ئەگەر لە کردەوەکانی و ئەگەر لە تەرکیزکردنی لەسەر ئەم پرسە ورد ببیتەوە، ئەوا بۆت دەردەکەوێت کە ئەو ئەمە بە دەرفەتێکی گەورە دەزانێت. لەبەر ئەوە چاوەڕی دەکرێت کە کار لەگەڵ ئیسرائیل و فەڵەستیندا بکات بۆ ئەوەی بگەنە چارەسەرێك کە هەردوولا پێی خۆشحاڵ بن. ئێمەش بینیمان کە ترەمپ رایگەیاند کە ئەو کێشەی نییە لەگەڵ ئەو چارەسەرەدا کە دوو دەوڵەت لەخۆ دەگرێت، کە ئەمە سیاسەتی ئەمریکا بووە لە ماوەی دەیەی رابردوو زیاتریشدا، هەروەها گرفتی نییە لەگەڵ ئەو رێگاچارەیەی کە تەنیا دەوڵەتێك لەخۆدەگرێت کە تێیدا فەڵەستینییەکان تەواو ئاوێتەبن تێیدا، واتە ئەمە بۆ ئەوە بوو کە بڵێیت ئەو بە هەر چارەسەرێك رازییە کە لایەنەکان لەسەری رێکدەکەون لە پێناوی گەیشتن بە رێککەوتنی ئاشتیدا. کەواتە دەکرێت چاوەڕێی ئەوە بکەین کە کار و کۆششی جددی بکات بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاشتی بەدی بێت لە ئایندەدا.

*** لە پەیوەندی بە دۆخی سووریاوە، ئایا رێی تێدەچێت ئەمریکا و رووسیا بگەنە رێککەوتن، یان تێگەیشتنێك بۆ ئەوەی زەمینەی چارەسەری سیاسی لەو وڵاتەدا خۆش بێت؟ ئایا پێتوایە ئەمریکا بتوانێت رووسیا و ئێران لێك دوور بخاتەوە؟**

- لە راستیدا من پێمواننییە ئەمریکا ئەوەندە

دەسترۆیشتوویی هەبێت لەسەر رووسیا بۆ ئەوەی ئەم کارە ئەنجام بدات، هەروەها پێموانییە ئەمریکا بە گشتی پەیوەندییەکی ئەوتۆی لەگەڵ رووسیادا هەبێت بۆ ئەوەی بگەنە چارەسەرێکی گونجاو بۆ دۆخی سووریا. راستە ترەمپ خوازیاری ئەوەیە پەیوەندی باشی هەبێت لەگەڵ سەرۆك پوتین، هەروەك ئێمە بینیمان لە میانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیشدا ئاماژە بەمە کرا، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەوە لەسەر حیسابی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا نابێت، چونکە ئەوە کێشە لە نێوان هەردوو وڵاتەکەدا دروست دەکات.

*** ئەگەر بێینە سەر بارودۆخی عێراق، ئەوا هەروەك ئاشکرایە، شەڕی دژ بە داعش بەرەوپێشچوونی بەرچاوی بەدی هێناوە و داعش لە لێواری شکست و تێکشکاندایە، پرسیارەکە ئەوەیە دەبێت چی بکرێت بۆ راستکردنەوەی بارودۆخەکە لە دوای لەناوچوونی داعش، ئایا ئەمە پێویستی بە رێککەوتنێکی درێژخایەنی سیاسی نییە؟**

- بە دڵنیاییەوە تێکشکاندنی داعش تەنیا سەرەتایەو دۆخی دواتر پێویستی بە بنیادنانەوەی ژێرخانەکان و دامەزراوە ئەمنییەکان و دروستکردنی بونیادی حوکمڕانیی هەیە بۆ ئەوەی هیچ بۆشاییەك دروست نەبێت کە گرووپە تیرۆریستییەکان لە عێراق و سووریا و هەروەها لە تورکیاشەوە، رەنگە بیانەوێت بە بەزاندنی سنوورەکان پڕی بکەنەوە. کەواتە راستکردنەوەی دۆخی ئەو ناوچانە پێویستی بە هاوکاریی نێودەوڵەتیش هەیە، لە نێویاندا ئەمریکا، چونکە لە راستیدا هەر ئەم دۆخە بوو کە لە بنەڕەتدا بەرپرس بوو لە سەرهەڵدانی داعش بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەمریکا زوو لە عێراق کشایەوە. کەواتە دوای تێکشکاندنی داعش لە عێراق و سووریادا شەڕێکی درێژخایەنتر هەیە کە بریتییە لە بنیادنانەوەی ژێرخانی حوکمڕانی.

*** لە ئێستادا باس لەوە دەکرێت کە ئەمریکا و حکومەتی عێراق گفتوگۆ دەکەن لەبارەی هێشتنەوە، یان جێگیرکردنی هێزێکی سەربازیی ئەمریکی لە عێراقدا، ئایا پێتوایە ئەمە کارێکی پێویستە؟**

- من پێموایە ئەمریکا قەرزارباری خەڵکی عێراقە بەوەی دەبێت بە جۆرێك لە جۆرەکان بوون و رۆڵی هەبێت، کە ئەوەش لەلایەن حکومەت و گەلی عێراقەوە یەکلا دەکرێتەوە. هێشتا عێراق پێویستی بە بنیادنانەی هێزی پۆلیس و سوپا هەیە و پێموایە رۆڵی راوێژکاریی ئەمریکا لە عێراقدا لە بەرژەوەندیی خەڵکی عێراق دەبێت، عێراقیش وڵاتێکی خاوەن سەروەرییە و دەبێت چۆنیەتی مانەوەو رۆڵ بینینی ئەمریکا لەو وڵاتەدا بە پێی رێککەوتن بێت.

*** هەروەك دەزانن هەرێمی کوردستان سەلماندی کە شەریکێکی بایەخدار و باوەڕپێکراوە لە شەڕی دژ بە تیرۆردا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم هەرێمە دەتوانێت ببێتە فاکتەری سەقامگیری و ئارامی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- بە دڵنیاییەوە، بە لای زۆرێك لە ئەمریکییەکانەوە کوردستان مایەی ئومێدە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەندێ کەس لە ئەمریکا ترس و نیگەرانییان هەیە لەوەی ئەگەر کوردستان سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت، ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی هەڵکشانی گرژی لەگەڵ تورکیا و ئێران و.. هتد، بەڵام دید و بۆچوونی شەخسی من –بە دڵنیاییەوە من کار بۆ حکومەتی ئەمریکی ناکەم و ئەمە تێڕوانینی خۆمە وەك توێژەرێك- ئەوەیە کە کورد سەلماندوویانە ئیرادەی ئەوەیان هەیە بە شێوەیەکی کارا خۆیان حوکمڕانیی خۆیان بکەن، هەروەها توانای خۆبەڕێوەبەری سیاسییان هەیە، ئابووریی خۆیان هەیە و لە هەمان کاتدا توانای خۆیان پیشاندا لە میانەی شەڕی دژ بە داعشدا، واتە توانایەکی سەربازیشیان هەیە، هەموو ئەمانەش وایان لێدەکات بتوانن ببنە کاراکتەرێکی کارا و شەرعی لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

*** سەرەڕای ئەوانەی ئاماژەتان پێکردن، ئایا پێتانوانییە هۆکارێکی دیکەی کارکردنی کوردستان بە ئاراستەی سەربەخۆیی ئەوەیە ناکۆکی و جیاوازی و بێمتمانەیی قووڵ هەیە لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا و ئەمە هەرێمەش جگە لە سەربەخۆیی رێگاچارەیەکی گونجاوی دیکەی لەبەردەمدا نییە؟**

- بە دڵنیاییەوە، مێژووی پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ حکومەتەکانی عێراقدا بۆ نزیکەی سەدەیەك بریتی بووە لە دوژمنایەتی و ستەمکاری لە دژی کورد، واتە لە میانەی خەباتکردنی کوردا لە پێناوی مافەکانیدا، ئەم میللەتە رووبەڕووی چەندین ئێش و ئازار بووەتەوە، وەك هەڵمەتەکانی ئەنفال و ئەو سیاسەتە و کردەوە دڵڕەقانەی لەسەر دەستی سەدام حوسێن دوچاری بوون، لە ئێستاشدا ئێمە بینیمان کە کوردستان دووچاری ئێش و ئازار بوو لەسەر دەستی داعش و حکومەتی عێراق نەیتوانی پارێزگارییان لێبکات، بۆیە کورد دەتوانێت بانگەشەیەکی شەرعی بکات بۆ بەدەستهێنانی خۆبەڕێوەبەری یان سەروەریی تەواو لەسەر بنەمای ئەوەی کە حکومەتی عێراق نەیتوانی پارێزگارییان لێبکات و لەسەر بنەمای مافەکانی مرۆڤیش.

*** باشە ئەگەر بێتو کوردستان سەربەخۆیی رابگەیەنێت، ئایا پێتوایە پشتیوانی نێودەوڵەتی و بگرە دانپێدانانی نێودەوڵەتی بەدەست دەهێنێت؟**

- پێموایە هەندێ دەوڵەت راستەوخۆ ئیعتیراف بە کوردستان دەکەن و ئومێد دەکەم ئەمریکا یەکێك بێت لەو وڵاتانە.

**ئەمریکا وەک دەوڵەتێکی سەرپەرشتیاری تیرۆر لە ئێران دەڕوانێت، لە هەمان کاتدا چەند گرووپێکی شیعە و سوننەی خستۆتە لیستی رێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە**

**دوورخستنەوەی ئێران بۆ ئەوە بووە کە دۆناڵد ترەمپ دڵنیایی بداتە دەوڵەتە عەرەبییە سوننەکانی ناوچەکە بەوەی ئەمریکا لەگەڵیاندایەو بۆ ئەوە بوو بیخاتەڕوو کە ئێران دەوڵەتێکی لە یاسا دەرچووەو سەردانەکەشی هەوڵێک بوو بۆ پتەوکردنی هاوپەیمانێتییەکان لە دژی ئێران**

**ترەمپ سەردانی سعودیە و ئیسرائیل و ڤاتیکانی کرد، پێموایە ئامانجە سەرەکییەکەشی لەو سەردانە بریتییە لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم، بەتایبەتی داعش، واتە هەوڵێکە بۆ کارکردن لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا بۆ ئەوەی داعش و توندڕەوەیی ئیسلامی وەک هەڕەشەیەک سەیر بکەن کە پێویستە بەرپەرچی بدرێتەوە**

# پرەنسیپەکەی ترەمپ و کێشەی گەلان



سەلاح بەدرەدین

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

یەکێك لەو ئاکارە تایبەتییانەی کە مێژووی سیستەمی سەرۆکایەتیی ئەمریکا جیادەکاتەوە، کە لەهەمان کاتدا خاوەن دەسەڵاتگەلێکی فراوانەو پەیوەستیشە بە نۆرم و پێوانەو چاودێریکردنی دامەزراوە رەسەنەکانی بۆ دەسەڵاتی یاسادانان بەتایبەتیش کۆنگریس، بریتییە لەوەی کە قۆناخە دیاریکراوەکانی ئەو وڵاتە پەیوەستن بە ناوی سەرۆکەکانیەوە، ئەوانەی رۆڵ و هەژموونیان هەبووە لە گۆڕین و ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی سەرمایەداریی لە جیهاندا، بێ دابڕانی پەیوەندی و تێکەڵکردنی سەردەمێك لەگەڵ سەردەمێکی دیکە، بۆیە دەبینین کە زنجیرەیەکی پێکەوەگرێدراوی (پرەنسیپ)ی سەرۆکەکان بوونی هەیە، وەك پرەنسیپی (ترومان) کە بەدەق دەڵێت: «کاتێك دوژمنکاریی هەڕەشە لە ئاسایش و سەقامگیریی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکات، چ راستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ، ئەو کاتە لەسەر حکومەتی ئەمریکا پێویستە کارێك بکات بۆ راگرتنی ئەو دوژمنکارییە»، هەروەها پرەنسیپی (ئایزنهاوەر) کە پشتی بە سیاسەتی ئیحتوا بەستبوو لەرێی جۆن فۆستەر دالاسی وەزیری دەرەوە کە بەوە ناسرابوو دژایەتیی شیوعییەتی دەکرد، مەبەست لەمەشدا لاوازکردنی هەیبەتی سیاسیی یەکێتیی سۆڤییەت و چین بوو، بەو ناوەی کە یەکەمیان هێزی رکابەری سەرەکیی ئەمریکایەو دوومیشیان هێزی ئیقلیمی شیوعییە کە کاریگەریی لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیادا هەیە.

بەڵام پرەنسیپی (نیکسۆن) بریتییە لە یەك دەستەواژە (بە ڤێتنامیکردن)ی شەڕی ڤێتنام، واتا هەناردەکردنی شەڕ بۆ خودی ڤێتنامییەکان، ڤێتنامی باشوور کە لەلایەن ئەمریکاوە پارێزراوە بەرپرسیارێتیی هەڵبگرێت لە بەرەوڕووبوونەوەی ڤێتنامی باکوور، گەڕانەوە بۆ دواوە دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە بنەمای گۆڕانکارییەکانی سیستمی ئێستای جیهان لەو پرەنسیپەدایە کە سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بوشی کوڕ رایگەیاندوەو سێ خاڵ لەخۆدەگرێت: یەکەمیان، ئەوەی لەگەڵمان نەبێت کەواتە لەگەڵ تیرۆرو تیرۆریستانە، دوومیان، راگەیاندنی شەڕ لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە دژی تیرۆر لە هەر کات و شوێنێکدا بێت، سێیەمیان، ئیدارەی ئەمریکا سیاسەتەکانی ئیسرائیل لەئەستۆدەگرێت کە پەیوەستن بە بەرگریی فەلەستین دژی داگیرکاریی ئیسرائیل، چونکە ئیدارەی ئەمریکا پشتی بەستووە بە راوبۆچوونی ئیسرائیل کە دەڵێت: «کردەوەکانی بەرگری تیرۆرن، ئیسرائیلیش بەرگریی لەخۆی دەکات و بە هاوبەشیش لەگەڵ ئەمریکا دژی تیرۆر دەجەنگن.»

پرەنسیپەکانی ئەو سەرۆکانە (ترومن و جۆنسۆن ونیکسۆن و فرۆرد و ریگان و کارتەر و بوشی باوك و بوشی کوڕو ئۆباما...)، هەموویان گوزارشت لە سروشتی دیدی سەرۆکی رێگەپێدراوە بە شەرعی لە هەمبەر کێشە دەرەکییەکان و وردەکارییەکان، بێ گومان سەرۆکی ئێستای ئەمریکا (ترەمپ) بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە کە لە جیهانێکی سامان و بزنسەوە هاتووە چەند چەمکێك و بۆچوونێك وکارنامەیەکی لە هەگبەدایە کە رەنگە بەسوود بن لەچاو رێچکە تەقلیدییەکەی سەرۆکانی پێشووی ئەمریکا، لە هەمان کاتدا لەگەڵ واقیعی شێواوی ئەم سەردەمەی جیهان و پاشاگەردانی و بێسەروبەریی و هەڕەشەی تیرۆر بۆ ئایندەی مرۆڤایەتی گونجاو بن.

دیارە بنەمای سەرەکیی پرەنسیپەکەی ترەمپ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆری ئێرانە لە هەر شوێنێك هەبێت، هەروەها تاوانبارکردنی رژێمی تاران وەك سەرچاوەیەکی بنەڕەتیی کردەوە تیرۆریستییەکان و دووبەرەکیی مەزهەبی و ناسەقامگیریی وڵاتانی وەك عێراق و لوبنان و یەمەن تا دەگاتە سوریا، هاوکات ئاشکراشە ئەو بۆچوونە جۆرە ئاسوودەییەکی لە ناوەندەکانی عەرەبی و ئیسلامی و سعودیەش وەك وڵاتی خانەخوێ درووستکردووە، سەرۆکی ئەمریکا زیاتر لە جارێك و لە چەند بۆنەیەکدا بەڵێنی داوە کە ئەمریکا رێگە بە ئێران نادات چەکی ئەتۆمی بەدەست بهێنێت.

پرەنسیپەکەی ترەمپ کە لەمیانی یەکەمین سەردانەکانی بۆ دەرەوە بەدەرکەوت رێچکەیەکی داڕێژراو لە پراگماتیزم دەنوێنێت و وەك خۆیان مامەڵە لەگەڵ دیاردەکاندا دەکات، لە شێوەی عەقڵیەتی بازاڕ و خستنەڕوو و داواکاری، گەشتەکەی ترەمپ سێ وێستگەی سەرەکی لەخۆگرتووە لە سعودیەو ئیسرائیل و فاتیکان، ئەو گەشتە هەر سێ هێمای ئایینە ئاسمانییەکانی گرتەخۆی (ئیسلام و مەسیحی و یەهودی)، ئەمەش گەوهەری بۆچوونەکە دەردەخات لە ناوەڕۆکی ململانێکانی ئەمڕۆدایە بەو ناوەی کە رووبەڕووبوونەوەی ئایینی و شارستانییە، (ئەمەش تا ئێستا مایەی ناکۆکی و جیاوازییە)، هەر وەك چۆن (فۆکۆیاما)ی ئەمریکی بەر لە دوو دەیە لە کتێبەکەیدا (ململانێی شارستانییەکان)دا ئەمەی رایگەیاندبوو.

بێگومان پرەنسیپەکەی ترەمپ بە روونی جیاوازە (بە چاوپۆشی لە رێککەوتن، یان جیاوازبوون لەگەڵ ئەو پرەنسیپە) و پشت بە زنجیرەیەك راستیی ئاشکرا دەبەستێت، دیارترینیان کە لە وتارە زارەکییەکەیدا ئاماژەی

پێکرد لەمیانی کۆنگرەی ئیسلامیی ئەمریکی لە ریاز ئەوە بوو کە زۆرینەی تیرۆریست و زیانلێکەوتووان لە جیهانی ئیسلامی و عەرەبین، ئەمەش دەبێ بە کلتوور چارەسەربکرێت لەڕێی چاکسازیکردنی ریشەییەوە لە فیکری ئیسلامی و راستکردنەوەی چەمك و میتۆدەکان، هەروەها نابێ حکومەتەکانی ئەو دەوڵەتانە چاوەڕوان بن تا دەوڵەتگەلی دیکە شوێنیان دەگرنەوە لە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆرو توندڕەوی، دەبێ بەشداری بکەن لە تێچووەکانی شەڕ دژی تیرۆر و دوودڵ و رارایی نەبن یان دابەش بن لەنێو خۆیاندا لە وەسفکردنی (رژێمی ئێران و حزبوڵلا و حەماس) وەك هێزگەلی تیرۆر، پێویستە رووبەڕووی ببنەوە، هاوکات بەشداری بکەن وەك هێزی سەربازیی کە نیاز وایە دابمەزرێت لە چوارچێوەی رێکەوتنێکی ستراتیجیی رۆژهەڵات دژی توندڕۆیی و تیرۆر.

پرەنسیپی ترەمپ کە دەرکەوتەکانی زیاتر دەربارەی سەردانەکەی بوو بۆ سعودیە لەگەڵ هەموو ناوەڕۆکەکانی ئابووری و سەربازی و بەرنامەگەلەکەی لە رووی رێکخستن و کاراکردنی فیکری لێبووردەیی و میانڕەوی و دژایەتیکردنی توندڕۆیی و تیرۆر (ئێران بە شێوەیەکی تایبەتی) نەك ئەوەی پەیوەستە بە وڵاتی خانەخوێ بەڵکو کەنداوو وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، گۆڕانکارییەکی ستراتیژیی قووڵی هێنایە کایەوە لە تێڕوانینی ئیدارەی تازەی ئەمریکا لەهەمبەر کێشەکانی ناوچەکە و ئەنجامگەلێکی ئەرێنی لە مەودای ناوەند لەسەر کێشەی سوریای لێدەکەوێتەوە، ئەویش بە گەمارۆدانی رژێمی ئەسەد و راگرتنی لەخۆبایبوونی رووسیا و لغاوکردنی مەددی مەزهەبیی ئێران و رێشەکێشکردنی داعش و قاعیدە و تێکشکاندنی رەوتە سەرکێشەکان، سەرەڕای ئەوەی کە ئەوانەی لە ریاز کۆبوونەوە بەتایبەتیش سەرۆکی ئەمریکا خۆی بەدوورگرت لە باسکردنی حاڵەتی سوریا بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا، هەروەها لە باسکردنی بەرپرسیارێتیی رووسیای داگیرکار و نواندنی توندیی سەبارەت بە رووخاندنی رژێمی ئەسەد.

هەروەها پرەنسیپەکەی ترەمپ شتێکی تازەی پێیە تایبەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ گرووپەکانی ئیسلامی سیاسی، ئەوانەی کە نزیك بوون لە سەرۆکی ناوەندی (اعتدال) کە لەمیانی سەردانەکەدا دامەزرا وەك دەزگایەکی ئەمنی و میدیایی و رۆشنبیری کە مەبەستی تیرۆرە، دەرکیان بەوە کرد کە تۆمەتەکانی وەك راگەیاندنێکی ئاشکرا وایە بەوەی کە ناوەندەکە تەنیا تەرکیز لەسەر بەرەنگاربوونەوەی گروپە توندڕۆکانی وەك داعش و قاعیدە ناکات، بەڵکو لەسەر گروپی ئیخوان موسلمینیش کە سعودیە لە ساڵی ٢٠١٤ ناوی خستبووە لیستی رێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە، ترەمپ لە گوتارەکەیدا بزووتنەوەی (حەماسی ئیخوانی)ی وەك رێکخراوێکی تیرۆریست لەقەڵەم دا، سەبارەت بە کێشەی فەلەستینیش لەپێش فەلەستینییەکان و ئیسرائیلییەکان دووپاتی کردەوە کە هەوڵدەدات لە ئایندەیەکی نزیکدا ئاشتییەکی دادپەروەرانە بێنێتەدی، ئەم بۆچوونە تازەیە وایکرد کە سەرۆك ئۆردوغان ئامادەنەبێت، هەروەها میری قەتەر رەخنەبگرێت و یاخیبوونی خۆی لەبەرامبەر بەیاننامەی کۆنگرەکانی بالای ریاز رابگەیەنێت.

بە پێچەوانەی ئەو ئاماژە خێراو تێروتەسەلە دەربارەی بەشداریکردنی هێزەکانی لە بەرەنگاربوونەوەی داعش لە موسڵ لەپاڵ کوردو سوننەو شیعە، سەرۆکی ئەمریکا لە گوتارو لێدوانەکانیدا ئاماژەی بە کێشەی کورد لە ناوچەکە نەکرد، دیارە ئەمە لە چوارچێوەی بەندەکانی پرەنسیپەکەیدا نییە، لەگەڵ ئەوەی کە زۆر کەس چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد ئاوڕێك لە رەوشی کورد لە عێراق و سوریا بداتەوە، دیارە لە روانگەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەیەوە خۆی لە باسکردنی ئەو بابەتە لادا، هەروەها تاکو لەبەردەم هاوپەیمانەکانی ئیحراج نەبێت ئەوانەی کە پەیوەستن بە کێشەی کوردەوە، نەبادا لایەنەکانی ئەم ناوچەیە بورووژێنێت.

لە کۆتاییدا ئەوەی کە لە ریاز روویدا بەرجەستەکردنی بەیەکگەیشتنی بەرژەوەندییە هەنووکەییەکان و چەسپاندنی میکانیزمەکانی بەهێزکردنی شەراکەت و درێژەپێدانی بوو لەنێوان دەوڵەتە زلهێزەکەو رژێمە فەرمانڕەواکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، هاوکات راستکردنەوەی ئەمریکا بوو بۆ رێچکەی گۆشەگیریی ئۆباما کە کاریگەریی نەرێنی هەبوو لەسەر پەیوەندییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوەی پەیوەستیشە بە گەلانی ناوچەکە وەك کوردو فەلەستینییەکان و سورییەکان ئەوانە هەموو دنیاو تەنانەت دەوڵەتانی زلهێز و بچووکیشیان ئاگادارکردۆتەوە لە رێی مێژوو و ئەزموونی دوورودرێژو تاڵیان کە بە قۆناخ و رۆژگاری زۆر سەختدا تێپەڕیون و لەنێو بەرداشی ململانێی رژێم و حکومەتەکانی ئەو دەوڵەتانە رووبەڕووی چەندین کارەسات بوونەتەوە.

**سەرۆکی ئێستای ئەمریکا (ترەمپ) بە هەموو تایبەتمەندییەکانیەوە کە لە جیهانێکی سامان و بزنسەوە هاتووە چەند چەمکێک و بۆچوونێک و کارنامەیەکی لەهەگبەدایە کە رەنگە بەسوود بن لەچاو رێچکە تەقلیدییەکەی سەرۆکانی پێشووی ئەمریکا، لە هەمان کاتدا لەگەڵ واقیعی شێواوی ئەم سەردەمەی جیهان و پاشاگەردانی و بێسەروبەریی و هەڕەشەی تیرۆر بۆ ئایندەی مرۆڤایەتی گونجاو بن**

**پرەنسیپی ترەمپ کە دەرکەوتەکانی زیاتر دەربارەی سەردانەکەی بوو بۆ سعودیە لەگەڵ هەموو ناوەڕۆکەکانی ئابووری و سەربازی و بەرنامەگەلەکەی لە رووی رێکخستن و کاراکردنی فیکری لێبووردەیی و میانڕەوی و دژایەتیکردنی توندڕۆیی و تیرۆر (ئێران بە شێوەیەکی تایبەتی) نەک ئەوەی پەیوەستە بە وڵاتی خانەخوێ بەڵکو کەنداو و وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، گۆڕانکارییەکی ستراتیژیی قووڵی هێنایە کایەوە لە تێڕوانینی ئیدارەی تازەی ئەمریکا لەهەمبەر کێشەکانی ناوچەکە**

### میشێل پێنەر پسپۆڕی زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# سەردانەکەی ترەمپ بۆ هاوپەیمانە سوننەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا مایەی دڵنیایی بوو

*** هەروەك دەزانن لە یەکەم سەردانیدا بۆ دەرەوە، سەرۆکی ئەمریکا، دۆناڵد ترەمپ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هەڵبژاردو لەم ناوچەیەشدا سەردانی هەردوو وڵاتی سعودیە و ئیسرائیلی کرد، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا گرنگی و بایەخ و پەیامی ئەم سەردانە لە چیدا بەرجەستە دەبێت؟**

- لە راستیدا من بە گومانم لەوەی ئەم ئیدارەیەی ترەمپ توانای ئەوەی هەبێت بەرەوپێشچوونێکی جددی لە ناکۆکی نێوان عەرەب-ئیسرائیلدا بەدی بێنێت، لەبەر ئەوەی ئەمە کێشەیەکی ئاڵۆز و درێژخایەنە، هەروەها من پێموایە ئەم ئیدارەیەو ستافەکەی متمانەی ئەوەی نییە ببێتە شەریکێکی خاوەن میسداقییەت. لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی کە سەرۆك ترەمپ زانیاری نهێنی و هەواڵگری درکاند لە دوو هەفتەی رابردوودا، ئەوا گومان دروست دەبێت لەبارەی ئەوەی ئایا ئەمریکا جددییە لە هەر پابەندبوونێك بە هێنانەئارای رێککەوتنی ئاشتییەوە لە نێوان ئیسرائیل و عەرەبدا. ئەوەی پەیوەست بێت بە سعودییەوە، ئەوا من لەو باوەڕدا نیم کە ترەمپ لە وردەکارییەکانی مێژووی ناوچەکە و تێڕوانین و مەزهەبە جیاوازەکانی سوننە و شیعە تێبگات. پێموانییە کە مەرج بێت ئەو لەوە تێبگات کە زۆرێك لە گرووپە توندڕەو و توندوتیژەکان گرووپگەلێکی سوننەن و پێدەچێت ئەو زیاتر نیگەران بێت لەبارەی ئێرانەوە و ئەمەش دیدێکی ناوهاسەنگە.

> **لەو باوەڕدا نیم کە ترەمپ لە وردەکارییەکانی مێژووی ناوچەکە و تێڕوانین و مەزهەبە جیاوازەکانی سوننە و شیعە تێبگات. پێموانییە کە مەرج بێت ئەو لەوە تێبگات کە زۆرێك لە گرووپە توندڕەوو توندوتیژەکان گرووپگەلێکی سوننەن و پێدەچێت ئەو زیاتر نیگەران بێت لەبارەی ئێرانەوە و ئەمەش دیدێکی ناوهاسەنگە**

*** هەروەك دەزانین هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا نیگەران بوون لە ئاست ئیدارەی ئۆبامادا و پێیانوابوو ئەمریکا وەك پێویست پابەند نییە بە پەیوەندییەکانیانەوە، ئایا دەکرێت بڵێین ئیدارەی ترەمپ هەوڵی ڕەواندنەوەی ئەم نیگەرانییە دەدات و دەیەوێت هاوپەیمانەکانی دڵنیابکاتەوە؟**

- لە راستیدا هەڵبژاردنی ترەمپ هەواڵێکی خۆش بوو بۆ سەرۆك ئەل سیسی لە میسر و بۆ دەسەڵاتی پاشایەتی لە سعودیە و بۆ حوکمڕانی بەحرەین، چونکە پێناچێت ترەمپ زۆر بایەخ بە دۆخی ناوخۆیی و رەوشی مافەکانی مرۆڤ و جۆری حوکمڕانێتی ئەم وڵاتانە بدات. هەروەها رێککەوتنی فرۆشتنی چەك لەگەڵ سعودیەدا مایەی دڵنیاکردنەوە بوو، بە هەمان شێوە تەرکیزی چڕ و پڕی لەسەر ئێران مایەی دڵنیاکردنەوەیە بۆ هاوپەیمانە سوننەکانی، ئەمەش هەواڵی خۆشە بۆ ئەوان، رەنگە ئەم رێگاچارەیەش لە مەودای کورتدا لە بەرژەوەندی ئەمریکا بێت، بەڵام پێموایە فەرامۆشکردنی دۆخی ناوخۆیی و رەوشی مافەکانی مرۆڤ و شێوازی حوکمڕانێتی لەم وڵاتانەدا دەبێتە مایەی ناسەقامگیری لە مەودای دووردا.

*** سعودیە ئاشکرایە ئێران بە هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دەزانێت و تەنانەت پاشای سعودیە لە میانەی سەردانەکەی ترەمپدا سەرهەڵدانی تیرۆر و توندڕەوی گرێدایەوە بە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئێرانییەوە لە ساڵی ١٩٧٩دا، پێتوایە ئەمریکاش هەمان هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی بۆ ئێران هەبێت؟**

- من لەو باوەڕەدا نیم کە ترەمپ شارەزای وردەکارییەکانی دۆخی ناوچەکە بێت و رەنگە ستافەکەی باشتر ئاشنا بن بە هەل و مەرجەکە، هەرچەندە هێشتا ستافی وەزارەتی دەرەوە تەواو نەبووە، واتە هێشتا وەزارەتی دەرەوە ستافی پێویستی نییە کە خاوەنی شارەزایی و مەعریفەی پێویست بن لەم رووەوە، ئەوەش راستە کە ئێران لە دەیەی یەکەمی شۆڕشەکەیدا، ویستی پشێوی لە هەندێ وڵاتی وەك بەحرەین و کوەیت دروست بکات و خوازیاری ئەوە بوو حکومەتەکانی ئەو وڵاتانە بڕووخێنێت، واتە لە سەرەتاوە هەندێ پشێوی و ئاژاوەی هەناردەی دەردەوە کرد، بەڵام دواتر پتر لە رێی حزبوڵاوە کاری کرد کە ئەوەش مەسەلەیەکی لاوەکییە بۆ بەرژەوەندی ئەمریکا، هەندێ کەسی نێو ئیدارەکەی ترەمپیش ئێران بە سەرپەرشتیاری تیرۆر وەسف دەکەن، نەك لەبەر ئەوەی ئەمە بە زەرووڕەت وەسفکردنێکی راست و دروستە، بەڵکو لەبەر ئەو هەڵوێستەی هەیانە لەبارەی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە ئەم لێدوانانە دەدەن.

*** ئێوە باستان لە رێککەوتنی فرۆشتنی چەك**



**میشێل پێنەر ئەنگریست، پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە کۆلێژی یونیەن، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێکی دیاریکراو دەدات، وەك جۆری گۆڕانی رژێمەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جهیانی ئیسلامیدا، هەروەها پرسی جێندەر و سیاسەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامیدا، بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی ئامانج و ئاکامەکانی سەردانی ئەم دواییەی سەرۆکی ئەمریکا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکە و چەند مەسەلەیەکی دیکەی پەیوەندیدار گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

**کرد بە سعودیە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا مەبەست لەم رێککەوتنانە چییە؟ ئایا سعودیە لەم رێککەوتنانە خوازیاری بەدەستهێنانی چییە؟**

- پێموایە سعودیە لە رووی ئاسایشی نەتەوەییەوە ئێران بە سەرچاوەی نیگەرانییەکی گەورە دەزانێت. ئێمە دەزانین وڵاتانی کەنداو هەستیان بە نادڵنیایی دەکرد لە ئاست پشتیوانیی ئەمریکا لە سەروەختی ئیدارەی ئۆبامادا، کاتێك ئەم ئیدارەیە پتر تەرکیزی کردەسەر وڵاتانی دیکەی ئاسیا، وەك چین، ئەوەش پەرەسەندنێکی جێی سەرنج بوو، کەواتە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە وڵاتانی کەنداو بایەخ بە دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆیان دەدەن.

*** ئایا هیچ لێکنزیکبوونەوەیەکی بەرژەوەندییەکان لە نێوان سعودیە و ئیسرائیلدا بەدی دەکەیت، بەتایبەتی کە هەردوو وڵاتەکە ئێران بە هەڕەشە بۆ سەر خۆیان دەزانن؟**

- رەنگە لە رووی تیۆرییەوە ئەم لێکنزیکبوونەوەیە هەبێت، بەڵام ئێوە دەزانن ئیرادەی سازشکردنی پێویست نییە بۆ بەرەپێشچوون لە پرۆسەی ئاشتی و لە دەستەبەرکردنی ئەو چارەسەرەی کە دوو دەوڵەت لەخۆ دەگرێت.

*** واتە ئێوە پێتانوایە شکستهێنانی پرۆسەی ئاشتیی عەرەب - ئیسرائیل کۆسپە لەبەردەم دروستبوونی پەیوەندی لە نێوان سعودیە و ئیسرائیلدا؟**

- لە راستیدا ئاستەنگ و بەربەست زۆرن، هەروەها دەبێت تێڕوانین و هەڵوێستی چەندینساڵەی خانەوادەی پاشایەتی سعودیە و بیروباوەڕی وەهابییەت لەبەرچاوبگرین، کە هەموو ئەمانە دەبنەهۆی ئەوەی قورس بێت، بە بێ دروستبونی دەوڵەتی فەلەستین، سعودیە بتوانێت قەناعەت بە خەڵکی وڵاتەکەی دروست بکات بۆ هێنانەئارای جۆرە ئاشتەواییەك لەگەڵ ئیسرائیلدا.

*** ئایا ئەگەر ئێران پابەند بێت بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە، ئەمریکا چۆن دەتوانێت فشار لەسەر ئێران دروست بکات، بۆ ئەوەی دەستڕۆیشتوویی ئەو وڵاتە لە ناوچەکەدا کەم بکاتەوە؟**

- لە راستیدا ئەمە زەحمەتە، چونکە لایەنێك بە تەنیا ناتوانێت سزای کاریگەر بسەپێنێت، واتە ئەگەر هاتوو ئێران پابەند بوو بە رێککەوتنەکەوە، ئەوا وڵاتانی دیکە ئامادە نابن کە سزا بەسەر ئێراندا بسەپێنن، یاخود فشاری لەسەر دروست بکەن، ئەو کاتەش ئەمریکا ناتوانێت زۆر کارا بێت و ئەوەش مایەی نائومێدی دەبێت کە ئێمە کاریگەرییەکی کەممان هەیە لەسەر ئەو ئاڕاستەیەی ئێران دەیگرێتەبەر. ئەوەش دەرئەنجامێکی باش بوو کە سەرۆکی ئێران وەك خۆی مایەوە کە کەسێکی میانڕەوە، هەروەها من لەگەڵ ئەوەدام ئێران و ئەمریکا پەیوەندییەکی باشتریان هەبێت لەگەڵ یەکدا.

*** چۆن لە رۆڵی هەرێمی کوردستان دەڕوانیت، بەتایبەتی دوای ئەوەی دەرکەوت کە ئەم هەرێمە هاوپەیمانێکی متمانەپێکراوە بۆ بەرەنگاربوونەوە و تێکشکاندنی تیرۆریستان؟ ئایا پێتوایە ئەم هەرێمە دەتوانێت لە ناوچەکەدا رۆڵێکی ئیجابی و بنیادنەر ببینێت؟**

- لەبیرمانە هیلاری کلینتۆن چەند ئیجابییانە باسی لە کوردستان و رۆڵی کوردستان لە بەرەنگاربوونەوەی داعش و تەحەددییەکانی دیکە لە ناوچەکەدا دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا پێموانییە ئیدارەی ئێستای ئەمریکا ئاشنایەتی و شارەزاییەکی باشی لەبارەی وردەکارییەکان و بارودۆخی ئەم ناوچەیەوە هەبێت.

*** دوا وتەتان چییە؟**

لە راستیدا من هیوادارم ئیدارەی ترەمپ بارودۆخەکە لەوەی هەیە خراپتر نەکات، چونکە پێموایە ئەم ئیدارەیە شارەزایی لەبارەی ئەم ناوچەیەوە نییە و خواستی ئەوەشی نییە ئەو شارەزاییە بەدەست بهێنێت، هیوادارم من توانا و خواستی ئەم ئیدارەیەم بە کەم گرتبێت، بەڵام دەبێت سەرۆکی ئەمریکا متمانەپێکراو و پێشبینیکراو بێت، بەڵام من نیگەرانم لەبارەی ئەم سەرۆکەو شێوازی هەڵسوکەوتکردنی کە پێشبینینەکراوەو لەو باوەڕەدا نیم کە فاکتەرێك بێت بۆ سەقامگیری لە ئێستادا.

**هیلاری کلینتۆن چەند ئیجابییانە باسی لە کوردستان و رۆڵی کوردستان لە بەرەنگاربوونەوەی داعش و تەحەددییەکانی دیکە لە ناوچەکەدا دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا پێموانییە ئیدارەی ئێستای ئەمریکا ئاشنایەتی و شارەزاییەکی باشی لەبارەی وردەکارییەکان و بارودۆخی ئەم ناوچەیەوە هەبێت**

# چەمکی ئاسایشی هزری بۆ قۆناغی دوای داعش

چەمکی «ئاسایشی هزری» لەسادەترین پێناسەیدا بریتییە لە پاراستنی پێکهێنەرە سەرەکییەکانی کەلتووریی هەر گەلێك لە بەرامبەر رەوتە کەلتوورییە هاوردەکراو و گومانلێکراوەکان، بەمانایەکی دیکەش بریتییە لە پاراستن و گەشەپێدانی ناسنامەی کەلتووری و هزری لە هەر هەڕەشەیەکی دەرەکیی و هەر لادانێکی نێوخۆیی.

بۆیە چەمکی ئاسایشی هزری بایەخ و پێگەی خۆی هەیە، وەك:

یەکەم: چەمکی ئاسایشی هزری لەهەر کۆمەڵگەیەکدا جێگەی بایەخپێدانێکی زۆرە، چونکە بوونی ئەم چەمکە:

١- نیشانەو پێوەرە بۆ یەکگرتوویی هەر کۆمەڵگە و گەلێك و نەگۆڕەکانی.

٢- رێگرە لەبەردەم پەرتەوازەبوونی هەستی نیشتما نی .

٣- پەرژینە لەبەردەم رەوتە هزرییە لادەرەکان.

٤- بەدیهێنەرە بۆ ئاسایشی نیشتمانی و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و پاراستنی ناسنامە.

دووەم: لێرەشەوە جێگەی خۆیەتی گرنگیی پێگەی چەمکی ئاسایشی هزریی بزانین بۆ رێگرتن لە فاکتەرە سەرەکییەکانی تەشەنەکردنی تیرۆر، کەسێ فاکتەری سەرەکین:

١- بوونی توندڕەوترین جۆری بیرکردنەوەی ئایدیۆلۆژی و ئایینی.

٢- تووشبوونی کەسانی تیرۆریست بە بارێکی دەروونیی شڵەژاو و گرێی دەروونی.

٣- هەبوونی ژینگەیەکی لەبار بۆ تەشەنەکردنی بیری تیرۆر، وەك فاکتەرەکانی پەراوێزخستن و گیانی تۆڵەسەندنەوەو نەخوێندەواری و هەژاری و نەخۆشی و ئالوودەبوون لای ئەو توێژ و کەسانەی کە دوایان کەوتوون.

سێیەم: گرنگیی چەمکی ئاسایشی هزری لەوەشدایە کە قۆناغەکانی ئامادەکردنی تیرۆریستانمان بۆ روون دەکاتەوە لە لایەن ئەو گرووپانەی کە کاریان لەسەر دەکەن لە رێگەی:

١- کارکردن لەسەر (مێشك)یان بە تێگەیاندنی هەڵەو شێواندنی چەمك و بەهاکان وەك ژیان و ئایین.

٢- کارکردن لەسەر(دڵ)یان بەپێدانی حەماسەتێکی بێ هۆشیاری.

٣- کارکردن لەسەر (دەست)یان بە راهێنانیان لەسەر کوشتنی خەڵك و کاری وێرانکاری.

چوارەم: چەمکی ئاسایشی هزری یارمەتیدەرە بۆ زانینی چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، چونکە دوو جۆر جەنگ لەدژی تیرۆر پێویستن:

١- جەنگێکی کورت خایەن کە پێویستی بە چەکی قورس و تەکتیکی نوێ هەیە.

٢- جەنگێکی درێژخایەنی فیکری لەنێوخۆدا



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

کە ئەرکی قورس و بیری نوێی دەوێت، چونکە چارەسەری بنەڕەتی بۆ ئەم دیاردە دزێوەی تیرۆر، هەر لە هزرو مێشکەوە دەست پێدەکات.

پێنجەم: چەمکی ئاسایشی هزری، بەشێکی باشمان لە پێداویستییەکانی تۆلێرانس و لێبوردەیی بۆ دابین دەکات.

وەك:

١- هەبوونی بنەمای هاووڵاتیبوون و یەکسانی و مافی جیاوازبوون و فرەیی و چاودێریکردنی هەر گوفتار و رەفتارێکی جیاکاری.

٢- هەبوونی یاساو رێسای رێگر لە سەرپێچیکاران بەرامبەر ئایین و نەتەوەکان.

٣- هەبوونی پرۆگرامێکی پەروەردەیی و فێرکردن لەسەر بنەمای یەکسانی، چونکە تۆلێرانس پەروەردەیە.

٤- ئازادیی رادەربڕین و پەخشکردنی بەهاکانی تۆلێرانس و پێکەوەژیان و قبووڵکردنی فرەیی و جیاوازبوون و قبووڵکردنی مافەکانی ئەوانی دی.

شەشەم: چەمکی ئاسایشی هزری بۆ ئەم سەردەمە کە ئایین کراوەتە میکانیزمی کاری تیرۆریستی، زۆر گرنگە ئەم چەمکی ئاسایشی هزرییە بەکار بێنین وەك میکانیزمێك بۆ خۆپاراستن لە تیرۆری ئایینی لە رێگەی:

١- هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی بەردەوامی لاوان لە رێگەی ئەنجامدانی ریفۆرم لە زانستە ئایینییەکان لەلایەن کەسان و دەزگاو دامەزراوەی شارەزاو پسپۆڕی خاوەن هزری مرۆڤدۆستانە.

٢- خستنەڕووی ئاکام و زیانەکانی پەنابردنە بەر بەکارهێنانی چەك و توندوتیژی.

٣- خستنەڕووی دەرئەنجامە ترسناکەکانی تەکفیرکردنی تاك لە کۆمەڵگە.

٤- نوێکردنەوەی گوتاری مزگەوت و شوێنە ئایینییەکان.

٥- دانانی رێنمایی پێویست بۆ هۆکارەکانی راگەیاندن سەبارەت بە مەرجەکانی پەخشکردنی بابەتە ئایینییەکان.

٦- سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی سەرکەوتوو لە بواری بنبڕکردنی تیرۆری ئایینیدا.

٧- دروستکردنی رایەڵەو پەیوەندی لەبواری باس و توێژینەوەوە لەنێوان (جامع) و(جامعە)دا.

٨- خستنەڕووی ئەو سزا یاسایی و شەرعییانەی کە رووبەڕووی تیرۆریستان دەبێتەوە لەدنیا و قیامەتدا.

٩- باسکردنی رووی قێزەونی تیرۆر لە پرۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆکاندا.

١٠- کاراکرنی رۆڵی فیکریی وتاربێژانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.



### شوكران عەبدوڵا ئەندامی پێشووی پەكەكە بۆ گوڵان:

# پەكەكە پێشتر باسی سەربەخۆیی كوردستانی گەورەی دەكرد، بەڵام ئێستا بەرگری لە یەكپارچەیی عێراق و سووریا دەكات

## چەكداركردنی كچ و كوڕی مێرمنداڵ پێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتییە و لای پەكەكە كارێكی ئاساییە

خاتوو شوكران عەبدوڵا، لەبنەماڵەیەكی كوردپەروەر لەدایك بووە و لە ساڵی ١٩٩١ ـەوە پەیوەندی بە پەكەكەوە كردووە، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٤ دا لەئەنجامی ئەوەی پەكەكە دەستبەرداری سەربەخۆیی كوردستان بووە، ئەو حزبەی بەجێ هێشتووە. لە دیمانەیەكدا چەند پرسێكمان لەگەڵ تاوتوێكرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی گوڵانی دایەوە.

*** پەکەکە بۆچی دژی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانەو لە پێناوی چی دژایەتی بەرژەوەندیی کورد دەکات؟**

- بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەت پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی بزاڤی نەتەوەیی گەلی کورد لە کوردستانی باکوور، من لەبیرم دێت لەساڵی ١٩٩١ چوومە نێو ڕیزەکانی پەکەکە، خێزان و ماڵباتی من کوردپەروەر بوون و لەسەر بیرو هزر و ڕێبازی نەتەوەیی گەورە ببووین، هاوکات لەلایەن حکومەتی تورکیاشەوە پاڵەپەستۆ و فشارێکی زۆر لەسەر کورد هەبوو، جەندرمە بە ئاسانی گوندەکانی وێران دەکردو گەنجەکانمانی ڕاپێچی زیندان دەکرد، هەربۆیە کوردەکان دەچوونە ڕیزی ئەو حزبەی کە باسی سەربەخۆیی و ئازادی بۆ گەلی کورد بکات. لە ڕاستیدا لەبەر زوڵم و زۆر و ستەمی داگیرکاران نەبووایە، هەرگیز نەمدەتوانی ئەو تەمەنە دوور و درێژە لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەردەوام بم، هاوکێشەیەك بۆ خەبات هەیە کە دەڵێت تا زۆڵم و زۆرداری لەسەر ماڵبات و نەتەوەکەت زیاتر بێت، ئەوەندەش ڕۆحی بەرخۆدان و گیانفیدایی نەتەوەییت زیاتر دەبێت، لەمەشدا پەکەکە سوودی لەو هەست و سۆزە وەرگرت، پەکەکە دروشمی نەتەوەیی و دەوڵەتی سەربەخۆیی بەرزکردبووەوە، کاتێك لە پەیمان و ستراتیژییەتی خۆی پەشیمان بووەوە و ئامانجی خۆی گۆڕی بۆ ئەوەی تورکیا ببێتە دەوڵەت، یان کۆمارێکی دیموکراتی. ئێمە ناکۆکیمان لەگەڵیدا بۆ دروست بوو، زۆر کەسمان ڕیزەکانیمان جێهێشت. چونکە ئەمە خەون و خواستی ئێمە نەبوو، ئامانج و ئومێدی ئێمە دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردستان بوو. کە بە سەدان گەنجی کورد گیانی خۆی لەم پێناوەدا بەخت کرد. بەڵام ئێمە بینیمان کە پەکەکە وردە وردە لە خەباتی سیاسی و نەتەوایەتی دوور دەکەوێتەوە و زیاتر باسی لە خەباتی نێونەتەوەیی دەکرد، بانگەشەی بۆ بە دیموکراتیکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرد، واتە هێڵە نەتەوەییەکە دابڕا، هەر بۆیە ئێمەش لە پەکەکە جیابووینەوە.

*** باشە بۆچی بڕیاری جیابوونەوە و جێهێشتنی پەکەکەتان دا، نەدەکرا ئێوە لە ناو پەکەکەدا کار بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵەیە بکەن؟**

- لە ڕاستیدا نەدەکرا لەناو پەکەکە هەوڵی گۆڕینی ئەو ستراتیژ و بەرنامەیە بدەین، چونکە شێوازی کارکردنی پەکەکە ئەوە بوو کە بواری بە ئازادی نەدەدا و بۆ هیچ کەسێك نەبوو لەناو پەکەکە بیرو هزری خۆی بخاتەڕوو، هەربۆیە بەسەدانی وەکو من دەیانزانی پەکەکە لە بیرو هزرو بەرنامەی سەرەکیی خۆی لایداوە، بەڵام هەرکەسێك سەرنجێکی جیاوازی لەوان هەبووایە، بە دژ و دوژمنیان دەزانی، کاتێك ئێمە لە پەکەکە پێمان دەوتن کە هەڵەن لەو شەڕانەی لەگەڵ حزب و لایەنەکانی دیکەی کوردستان دەیکەن، ئێمەیان بە خائین لە قەڵەم دەدا و پێیان دەوتین ئەوە ناپاکیی ئێوەیە کە ناخوازن شەڕ بکەن.

*** سیاسەتی هەڵەی پەکەکە وایکردووە کێشەی کورد لە باکوور بەرەو قۆناغێکی زۆر ئاڵۆز و خوێناویتر هەنگاو بنێت؛ لەئێستاشدا دەیەوێت هەمان چارەنووس بەسەر باشووری کوردستاندا دووبارە بکاتەوە و بارودۆخێکی ئاژاوەگێڕی دروست بکات بۆ ئەوەی دەرفەتی سەربەخۆیی لەدەست بدات، ئایا چی بکەین بۆ ئەوەی شەڕی پەکەکە لە باشووری کوردستان دوور بخەینەوە؟**

- پەکەکە بوونی هەر پارتێکی نەتەوەیی بە مەترسی بۆ سەر خۆی دەزانێت، تەنانەت هەوڵیداوە ڕەوتی نەتەوەیی لە باکووریشدا سست بکات، ئەگەرچی کوردی باکووری کوردستان هەرگیز لە بیرو هزری نەتەوەیی خۆیان پەشیمان نین و نایانەوێت لێی دووربکەنەوە. هەروەها دوای ئەوەی هەستی کرد کە ئاراستەی گۆڕانکارییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە چەشنێکە کە دەرفەتی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد دروست بووە، ئەوا پەکەکە ئەم پەرەسەندنانەی بە مەترسی بۆ سەر خۆی زانی، لەبەرچی، لەبەر ئەوەی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی بە لاوازبوون و پووکانەوەی خۆی دەزانێت، هەر بۆیە دژایەتی دەکات و لەم ڕووەوە هەوڵی دروستکردنی ناکۆکی و کێشە لە نێو پارتەکانی باشووردا دەدات. لە ڕاستیدا پەکەکە بە هاوکاری ئێران ئەم کارە دەکات، چونکە لە ئێستادا ئێران لە سەر سیاسەت و هەڵسوکەوتی پەکەکەدا زۆر کاریگەری هەیە، ڕاستە پێشتریش پەکەکە پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا هەبووە، بەڵام بەم ساڵانەی دوایی وەك باڵێکی ئێران هەڵسوکەوت دەکات، واتە لە ئێستادا خەبات و کارکردنەکانی هاوکارن بۆ سیاسەتەکانی ئێران. تەنانەت ئەو سیاسەتەی پەکەکە گرتوویەتەبەر، دەبێتەهۆی ئەوەی تورکیا لە ئاست کورددا پتر بەهێز بێت. بۆ نموونە، لەو شەڕەی لە نێو تورکیادا بەرپا کرا، ئەمە زیانی بۆ تورکیا نەبوو، بە پێچەوانەوە بووە هۆی بەهێزبوونی تورکیا، کە ناکرێت پەکەکەش ئەم ڕاستییە نەبینێت، لەبەر ئەوە من پێموانییە مەسەلەکە ئەوە بێت کە هەڵەیەك لە سیاسەتی پەکەکەدا هەبێت، بەڵکو مەسەلەکە

**تاوەکو ئەو خێزانانە هەبن کە ڕۆڵەکانیان بە گیانی نەتەوایەتی گۆش و پەروەردە دەکەن، ئەوا ئەو نەتەوەیە لە ناو ناچێت و تێکناشکێت**

**جگە لە پەکەکە هیچ پارتێکی نەتەوەیی لە هیچ پارچەیەکی کوردستان شک نابەم بەرگری لە یەکپارچەیی خاکی عێراق و سووریا بکات، ئەمەش بۆ لاوازی ڕەوتی نەتەوەیی لە ناو پەکەکەدا دەگەڕێتەوە**

**کوردانی ئێزیدی لە مێژووی خۆیاندا زیاتر لە ٧٠ جار تووشی کۆمەڵکوژی و کارەسات بوونەتەوە و ئێمە ناخوازین جارێکی دیکە و بە هۆی شەڕی کورد و کوردەوە کارەساتێکی دیکەیان بەسەردا بێت**

**پەکەکە ناتوانێت دەستبەرداری کوردستانی ڕۆژئاوا بێت، ڕێگەی تێپەڕبوونیش بۆ ڕۆژئاوادا بە شنگالدا تێدەپەڕێت. پەکەکە بە ناوی خۆیەوە ناتوانێت لەوێدا بمێنێتەوە، بۆیە لە ژێر پەردە و ناوی دیکەدا هێزی خۆی تێدا جێگیر دەکات**

ئەوەیە تەواوی ستراتیژییەتی کارکردنی پەکەکە هەڵەیە، بۆیە ئاراستەی سیاسەت و کارکردنیشی هەر هەڵەن. ئەوەی پەیوەندی بە شەڕیشەوە هەبێت، ئەوا من پێموایە دەبێت خۆمان لە شەڕی براکوژی لابدەین، چونکە دەرئەنجامەکان بە زیانی هەموومان دەشکێتەوە و سەرجەم کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان لێی زەرەمەند دەبێت، تەنانەت بە خودی پەکەکە خۆشیەوە، کەواتە تەنانەت ئەگەر پەکەکەش خوازیاری دروستبوونی ئەم شەڕە بێت، ئەوا من ئومێد دەکەم کە سەرۆك بارزانی ڕێگەنەدات جارێکی دیکە دوچاری ئەم شەڕە ببینەوە. هیودارام بتوانین بە ڕێگای گفتوگۆ و ئاشتی کێشەکانمان چارەسەر بکەین و ڕووبەڕووی ئەم شەڕە نەبینەوە، بەتایبەتی کە ئێستا ئێمە هەنگاو بەرەو ئەنجامدان ڕاپرسی و دروستکردنی دەوڵەت هەڵدەگرین.

*** کوردانی ئێزیدی دوای ئەو هەموو کارەساتەی لەسەر دەستی داعش بەسەریاندا هات، دەبوو هاوکاری بکرێن بۆ ئەوەی دووبارە لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان نیشتەجێ بکرێنەوە، بەڵام پەکەکە لەشنگال و دەڤەری ئێزیدییەکان بۆتە بەربەست و دەیەوێت ئەو ناوچانە ئاوەدان نەکرێنەوە، ئایا پەکەکە بۆ ناوچەکە بەجێ ناهێڵێت هەروەك چۆن پێشمەرگە دوای ئازادکردنی کۆبانێ شارەکەیان چۆڵ کرد؟**

- هۆکارەکە سیاسییە، چونکە پەکەکە ناتوانێت دەستبەرداری کوردستانی ڕۆژئاوا بێت، ڕێگەی تێپەڕبوونیش بۆ ڕۆژئاوادا بە شنگالدا تێدەپەڕێت. پەکەکە بە ناوی خۆیەوە ناتوانێت لەوێدا بمێنێتەوە، بۆیە لە ژێر پەردە و ناوی دیکەدا هێزی خۆی تێدا جێگیر دەکات، چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش بەشەڕ زەحمەتە، بەڵکو دەبێت چارەسەرێکی سیاسی بگیرێتەبەر. واتە دەبێت کار لەسەر کەمکردنەوەی ئەگەرەکانی شەڕ بکەن لە نێوان پەکەکە و کوردی باشووردا. من هاوڕا نیم لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە پێیانوایە دەبێت ئەم کێشەیە بە شەڕ چارەسەر بکرێت، چونکە چارەسەری دیکە هەن و تەنانەت لە ناو پەکەکەشدا کەسانێك هەن کە پێیانوایە ئەو کارەی پەکەکە دەیکات هەڵەیە. بە باوەڕی من لە ناو پەکەکەشدا ناکۆکییەك هەیە لەم ڕووەوە. لەبەر ئەوە ئومێدی ئێمە ئەوەیە شەڕ لە شنگال دروست نەبێت، چونکە ئەمە زیانێکی گەورە بە کورد دەگەیەنێت. چونکە ئێمە دەزانین کوردانی ئێزیدی لە مێژووی خۆیاندا زیاتر لە ٧٠ جار تووشی کۆمەڵکوژی و کارەسات بوونەتەوە و ئێمە ناخوازین جارێکی دیکە و بە هۆی شەڕی کورد و کوردەوە کارەساتێکی دیکەیان بەسەردا بێت.

*** ڕفاندنی کچ و کوڕی لاوی کوردستان و بە زۆر چەکدارکردنیان بەتایبەتی کچان و کوڕانی نەوجەوان و منداڵی ئێزیدی لە گەڵ یاسا نێودەوڵەتییەکان و نەریتی ئێزیدییەکانیشدا ناتەبایە، پرسیار ئەوەیە بۆچی پەکەکە ڕێزی ئەو یاسا نێودەوڵەتییانە و ڕێزی داب و نەریتی کوردانی ئێزیدی ناگرێت؟**

- ڕەفتاری چەکدارکردنی کوڕ و کچی مێرمنداڵ و جحێل لەناو پەکەکە شتێکی نوێ نییە و هەر لە سەرەتاوە کێشەی ئەوەی نەبووە ئەوانەی دێنە ڕیزەکانییەوە تەمەنیان بچووکە یان نا، ئەوەیان لا ئاسایی بووە، پەکەکە لەم ڕووەوە ڕەچاوی یاسایی نێودەوڵەتی ناکات و پشتگوێی دەخات، ئەگەرچی ئەمە بۆ خودی پەکەکە مەترسیدارە، چونکە دەبێتەهۆی هۆکارێك بۆ ئەوەی لە لیستی تیرۆردا بمێنێتەوە و دەبێتەهۆی ئەوەی وا لێی بڕوانرێت کە دژی سیاسەت و یاسای نێودەوڵەتییە، واتە ئەمە بە زیان بۆ خۆشیان دەشکێتەوە. دواتر بردنی منداڵی تەمەن ١٣ و ١٤ بە تایبەتی کچان، زیانێکی زۆر لەو منداڵانە دەدات لە ڕووی دەروونی و مەعنەوی و تەنانەت جەستەییشەوە. دواتر من پێموایە پەروەردەی نەتەوایەتی لە خێزانەوە دەست پێدەکات، چونکە تاوەکو ئەو خێزانانە هەبن کە ڕۆڵەکانیان بە گیانی نەتەوایەتی گۆش و پەروەردە دەکەن، ئەوا ئەو نەتەوەیە لە ناو ناچێت و تێکناشکێت، بەڵام بە داخەوە یەکەم هەنگاو لە ناو پەکەکەدا تێکدانی شیرازەی خێزانە و یەکەمجار داوات لێدەکەن کە دایك و باوکی خۆت لەبیر بکە، کە من پێموایە ئەگەر کەسێك لە خێزانی خۆی دابڕا، ئەوا نرخی نەتەوایەتیش لەدەست دەدات، چونکە ئەگەر من گرێدراوی خێزانێك نەبم، ئەوا گرێدراوی نەتەوەیەکیش نابم.

*** لەئێستادا کە هەموو جیهان پشتگیری لە سەرۆك مسعود بارزانی دەکات بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی پەکەکە دژی سیاسەتی سەربەخۆیی ڕاوەستاوە دەڵێت من بەرگری لەیەکپارچەیی عێراق و سووریا دەکەم، ئایا بە درێژایی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان جگە لە پەکەکە هیچ حزبێکی کوردی هەبووە بەرگری لە یەکپارچەیی خاکی داگیرکاران بکات؟**

- جگە لە پەکەکە هیچ پارتێکی نەتەوەیی لە هیچ پارچەیەکی کوردستان شك نابەم بەرگری لە یەکپارچەیی خاکی عێراق و سووریا بکات، ئەمەش بۆ لاوازی ڕەوتی نەتەوەیی لە ناو پەکەکەدا دەگەڕێتەوە.

**لە ئێستادا ئێران لە سەر سیاسەت و هەڵسوکەوتی پەکەکەدا زۆر کاریگەری هەیە، ڕاستە پێشتریش پەکەکە پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا هەبووە، بەڵام بەم ساڵانەی دوایی وەک باڵێکی ئێران هەڵسوکەوت دەکات**

**کاتێک ئێمە لە پەکەکە پێمان دەوتن کە هەڵەن لەو شەڕانەی لەگەڵ حزب و لایەنەکانی دیکەی کوردستان دەیکەن، ئێمەیان بە خائین لە قەڵەم دەدا و پێیان دەوتین ئەوە ناپاکیی ئێوەیە کە ناخوازن شەڕ بکەن**

**کاتێک پەکەکە لە پەیمان و ستراتیژییەتی خۆی پەشیمان بووەوە و ئامانجی خۆی گۆڕی بۆ ئەوەی تورکیا ببێتە دەوڵەت، یان کۆمارێکی دیموکراتی. ئێمە ناکۆکیمان لەگەڵیدا بۆ دروست بوو، زۆر کەسمان ڕیزەکانیمان جێهێشت**



### سەعید سیسۆ رەشۆ رۆشنبیری کوردی ئێزیدی بۆ گوڵان:

# ئێمەی کوردی ئێزیدی خۆمان بە قەرزارباری پێشمەرگە دەزانین و دڵنیاین ئەگەر پێشمەرگە نەبووایە جارێکی دیکە شنگال رزگار نەدەکرا

## پەکەکە لەبری ئەوەی برینی ئێزیدییەکان سارێژ بکات کەچی برینە تازەکانمان قووڵتر دەکاتەوە

سەعید سیسۆ رەشۆ کەسایەتی رۆشنبیری کوردی ئێزیدی و دەرچووی کۆلێژی پەروەردەیە لە بەشی مێژوو، کارو خەباتی رێکخستن و پێشمەرگایەتی کردووە، لە وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵاندا رەخنەی توند لە سیاسەتی پەکەکە دەگرێت و پێیوایە سیاسەتە هەڵەکانی پەکەکە زیانی گەورە بە کوردانی ئێزیدی دەگەیەنێت، داواشدەکات کە هەمووان هاوکار بن بۆ ئەوەی برینەکانی کوردانی ئێزیدی و دەڤەری شنگاڵ سارێژ بکرێنەوە، لێرەدا پوختەی راوبۆچوونەکانی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان بڵاودەکەینەوە.

*** کوردستان بە مەڵبەندی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتە و نەتەوە جیاوازەکان ناسراوەو ئێستا هەموومان شانازی بەم کەلتووری پێکەوەژیانە دەکەین، ئایا ئێوە وەکو رۆشنبیر و کەسێکی ناسراوی ناو ئێزیدییەکان چ پێشنیارێکتان هەیە بۆ ئەوەی ئەو کەلتووری پێکەوەژیانە لەکوردستاندا بەهێزتر بکرێت؟**

- سەبارەت بە کەلتووری پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتەکان، ئەمە نموونەیەکی جوانی کوردستانە لەبەر چاوی جیهان، بە دید و تێڕوانینی من پێش رۆژگاری مەلا مستەفا، واتە لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی ئەم کەلتوورە لەئارادا بوو، شێخ عەبدولسەلامی بارزانی وەك نموونەی ئاشتیپارێزی و پێکەوەژیان دەناسرا، کە لە نێوان پێکهاتەکانی کوردستان بە مەسیحی و موسڵمان و ئێزیدییەکانەوە جیاوازیی نەدەکرد. هەروەها لە شۆڕشی ئەیلوولیشدا جیاوازی لەنێوان نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان نەکراوە، بۆ نموونە پێشمەرگەیەکی خەڵکی بادینان دەچووە سلێمانی خەباتی دەکرد و بەپێچەوانەشەوە وابوو. واتە پتر پەرە بەو کەلتوورە درا و گیانی پێکەوەژیانی برایانە پتر بەرەوپێش چوو، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد بناغەی ئەم کەلتوورە لەسەر دەستی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی دانرا. ئێستاش سەرۆك بارزانی درێژە بە هەمان رێچکە دەدات و سوپاس بۆ خوا هیچ ئاریشەیەکی وا لە نێوان پێکهاتەکانی کوردستاندا بەدی ناکرێت و هەموویان وەك برا پێکەوە دەژین و بە ئاشتییانە رێوڕەسمی خۆیان ئەنجام دەدەن و بەشداری لە رێوڕەسمی یەکتردا دەکەن. دوای هێرشی داعشیش بۆ سەر شنگال، ئێمە بینیمان کە چۆن برا موسڵمان و مەسیحییەکان، دەرگای مزگەوت و کڵێساکانی خۆیان بە رووی ئێزیدییەکاندا واڵاکرد، کە دەبێت ئەم مێژووە بە ئاوی زێڕ بنووسرێتەوە و ئەمە ببێتە هەوێنی پتەوکردنی یەکڕیزیی نێو ماڵی خۆمان و برەودان بە گیانی برایەتی و پێکەوەژیان. لێرەشدا رۆڵی رۆشنبیران و پیاوانی ئایینی سەرجەم پێکهاتەکان زیاتر بەرجەستە دەبێت کە کار بکەن بە ئاراستەی چەسپاندن و قووڵکردنەوەی ئەو حاڵەتی پێکەوەژیانە و مایەی خۆشبەختیشە کە ئەگەری تەشەنەسەندنی بیری توندڕەوی و کوشتار و سەربڕین لە نێو خەڵکی کوردستاندا لە ئارادا نییە، چونکە خەڵکی کوردستان خۆیان دژی ئەم کەلتوورەن و رەتی دەکەنەوە.

*** جارێکی دیکەش ئیزیدییان لەسەر دەستی تیرۆریستانی داعش تووشی کارەسات بوون، بەڵام ئەمجارەیان سەرۆك بارزانی بووە پشت و پەنای ئیزیدی و بەڵێنی دا ئەگەر سەری خۆشی دانایێت، ناهێڵێت ئەو تیرۆریستانە شنگال و دەڤەری کوردانی ئێزدییان لەژێر دەستدا بێت، سەرەنجام بەڵێنی خۆی بەجێ گەیاند و شنگال ئازادکرایەوە، ئایا ئێوە چۆن سەیری پشتیوانیی سەرۆك بارزانی بۆ خۆتان دەکەن و تاچەند بەڵێنەکەی سەرۆك بارزانی ئێوەی دڵخۆش کردووە؟**

- راستە داگیرکردنی شنگال کارەساتێکی زۆر قورس بوو، برینێکی گەورەش بوو لە ویژدانی سەرجەم مرۆڤایەتیدا، هەروەها راستە پێکهاتەکانی سوننە و شیعە و موسڵمانی کورد زیانیان پێگەیشت لەسەر دەستی داعش، بەڵام پشکی گەورەی ئەو زیانانە بەر شنگال و کوردی ئێزیدی کەوت. ئەوەی جێگەی سەربەرزییە بۆ ئێمە، ئەوەیە کە سەرۆك بارزانی پەیمانی پێدابن نەچێتەوە ماڵی خۆی هەتا شنگال رزگار نەکرێت، دوای رزگارکردنیشی سەرۆك چووە سەر چیای شنگال و ئەوە رۆژێکی مێژوویی بوو بۆ کوردی ئێزیدی و بە هیچ شێوەیەك لەبیر ناکرێت. ئێمە رێزمان بۆ هەموو کەسێك هەیە کە هاوسۆزە لەگەڵ کوردی ئێزیدا، بەڵام ئێمە ناتوانین وەسفی مەزنیی ئەو هەست و هەڵوێست و هاوسۆزییە بکەین کە سەرۆك هەیەتی لە ئاست کوردانی ئێزیدیدا. هەربۆیە ئێمەی کوردانی ئێزیدی و کریستیان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی دیکەی کوردستان جەنابی مسعود بارزانی بە پارێزەری خۆمانی دەزانین. جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە شەهیدبوونی کۆمەڵێك پێشمەرگەی قارەمانیش بکەین کە گیانی خۆیان بەخت کرد لەم پێناوەدا، کە من پێموایە خوێنی ئەوان بەفیڕۆ نەچووە و نەك تەنیا ئازادبوونی شنگالی بەدوادا هات، بەڵکو پشت بە خوا سەربەخۆیی کوردستانیشی بە دوادا دێت. بۆیە ئێمە وەك کوردی ئێزیدی خۆمان بە قەرزاربارى پێشمەرگە دەزانین و دڵنیایین ئەگەر پێشمەرگە نەبووایە هیچ لایەنێکی دیکە شنگالی پێ رزگار نەدەکرا.

*** بەڵام دوای ئەم سەرکەوتنانە ئێستا کوردانی ئێزیدی چاویان لە دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانیانەو ئەوان ماڵ و حاڵ و ژێرخانی دەڤەرەکەیان وێران بووە، کەچی ئەمجارە تووشی بەڵایەکی دیکە بوون، ئەویش بوونی پەکەکە و عینادییانە لە چۆڵنەکردنی شنگال، پەکەکە بۆچی ئەم ناوچەیە چۆڵ ناکات، تاوەکو کاولکاری و ماڵوێرانی زیاتری لێنەکەوێتەوە؟**

- ئێمە دەزانین بێ سەقامگیری، ئاوەدانکردنەوە دروست نابێت، راستە شنگال رزگار کراوە، بەڵام ئاشکرایە هەندێ هێزی ئێقلیمی دەیانەوێت شوێن پێیەکیان لە شنگال هەبێت و ئێستاش ململانێیەکی مەزن لە نێوان حەشدی شەعبی و پێشمەرگە و

**شێخ عەبدولسەلامی بارزانی وەک نموونەی ئاشتیپارێزی و پێکەوەژیان دەناسرا، کە لە نێوان پێکهاتەکانی کوردستان بە مەسیحی و موسڵمان و ئێزیدییەکانەوە جیاوازیی نەدەکرد**

**ئافرەتان هیچیان لە پیاوان کەمتر نییە و ئەو خوشکانەی دەستیان داوەتە چەکی شەرەف و بەرگری و ئامادەن خوێنی خۆیان ببەخشن بۆ کوردستان، ئەوا دەبێت رۆڵێکی سەرەکییان پێ بدرێت**

**هیچ حکومەتێکی عێراقی ئامادە نەبووە مافەکانی کورد دەستەبەر بکات، بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەوەیە لایەنێکی کوردی پەیوەندییان لەگەڵدا دروست دەکات لە پێناوی دژایەتی کورد و بە ناوی کوردایەتیشەوە قسە دەکات**

**خۆسەپاندن بۆتە خەسڵەتی پەکەکە و تەنیا رێنمایی و راسپاردەکانی قەندیل و تەنانەت ئەوانەی لە دەرەوەی کوردستانەوە بۆیان دێت جێبەجێی دەکات**

دەستێوەردانی ئیقلمی هەیە و لەلایەن ئێران و سووریا و تورکیاوە و ڕەوشێکی ئاڵۆزیان دروستکردووە. هەموو ئەوانەش بۆ پێگەی ستراتیژی و هەڵکەوتەی شنگال دەگەڕێتەوە. بەشێکیشی بۆ ئەوەیە ئاستەنگ و ڕێگری بۆ سەربەخۆیی کوردستان دروست بکەن. بەڵام من باوەڕم وایە خەڵکی کوردستان قبووڵ ناکات بەشێکی وا گرنگ و ستراتیژی لە خاکەکەی لەژێر دەستی هێزەکانی دیکەدا بێت. بەڵام حاڵی حازر، بەهۆی ئەو نائارامییەی کە هەیە خەڵکی ناوچەکە نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و ڕێکخراوە بیانییەکانیش ناتوانن هاوکار بن بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە.

*** سەرۆك بارزانی ڕێگە نادات شەڕی نێوان کورد- کورد دروست ببێتەوە، پەکەکەش ئەمەی قۆستۆتەوە و عینادی دەکات و دەیەوێت شەڕێك لەو ناوچەیە دروست بکات، ئایا چی بکەین بۆ ئەوەی ئەو شەڕە لەو ناوچەیە دوور بخەینەوە؟**

- لە ڕاستیدا خۆسەپاندن بۆتە خەسڵەتی پەکەکە و تەنیا ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی قەندیل و تەنانەت ئەوانەی لە دەرەوەی کوردستانەوە بۆیان دێت جێبەجێی دەکات. هەر بۆیە ئەگەر پەکەکە ڕێزی لە کوردانی ئێزیدی بگرتایە، ئەگەر ڕێزی لە پەیامی جڤاتی ڕۆحانی ئێزیدی و لە قوربانی و خوێنی خەڵکی شنگاڵ بگرتایە، ئەوا چۆن پێشمەرگە سەربەرزانە چووە کۆبانێ و دوای ڕزگارکردنی بە خەڵکی کۆبانێی ڕایگەیاند ئەوە ئەرکی ئێمە تەواو بووە و ئێمە دەگەڕێینەوە شوێنی خۆمان، دەبوو پەکەکەش هەمان هەڵسوکەوتی بکردایە. بەڵام لەبری ئەوە دێت و خۆیان بە شەریکی خەڵکی شنگال دەزانن، کە ئەمەش هیچ ئەرکێکی نەتەوەیی لەخۆ ناگرێت. ئێستاش داواکاری ئێمە ئەوەیە با پەکەکە بچنە ئەو شوێنانە خەبات بکەن کە پێویستیان پێیانە، ئێمە دەستخۆشیان لێدەکەین و سوپاسیان دەکەین، بەڵام ئەرکی ئەوان لە شنگالدا تەواو بووە و پێویستە بچن خەبات لە شوێنە ڕزگارنەکراوکانی دیکەی کوردستان بکەن. ئەویش بۆ ئەوەی خەڵکی شنگاڵ بتوانن بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و ئاوەدانی بکەنەوە، نەك لەبری ساریژکردنی برینی کوردانی ئێزیدی بێن قووڵتری بکەنەوە. سەبارەت بە چارەسەریش، پێموایە لەبەر ئەوەی ئەوان هەستی ئێزیدییەکان لەبەرچاو ناگرن و لەبەر ئەوەی نایانەوێت بە گفتوگۆ ئەو کێشانە چارەسەر بکرێت، هەرچەندە ئێمە ڕێزمان بۆ قوربانییەکانی ئەوان هەیە، بەڵام ئەمە خاکی ئەوان نییە، ئەوا فشارێك لەسەر هێزی هاوپەیمانان و ئەنجومەنی ئاسایش دروست بکەین بۆ ئەوەی هاوکاریمان بکەن تاوەکو چەکداری بیانی لە شنگال نەمێنێت. من ناڵێم هێزێکی نێودەوڵەتی جێگیر بکرێت، بەڵام پاڵپشتی زیاتری پێشمەرگە بکرێت و خەڵکی پێکهاتەی ناوچەکە بواری زیاتریان بۆ بڕەخسێندرێت بۆ ئەوەی ئاوێتەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بن، چونکە ئەو خەڵکانە زیاتر هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن کاتێك ناوچەی خۆیان دەپارێزن، ئەگەرچی نابێت ئێمە جیاوازی بکەین و پێویستە ئێمە ئامادەی ئەوە بین بەرگری لە هەر بستە خاکێکی کوردستان بکەین لە هەر شوێنێك بێت.

*** پەکەکە خۆی دەڵێت هەتا حکومەتی عێراق و حەشدی پێمان نەڵێن شنگال چۆڵ ناکەین، ئایا پەکەکە حەشدی شەعبی بە دۆستی خۆی دەزانێت و پێشمەرگە بەدوژمنی خۆی؟ ئایا ئێوە ڕازی دەبن پەکەکە لە شنگال نوێنەرایەتی حەشدی شەعبی بکات؟**

- لە ڕاستیدا دەبێت هەستی نەتەوەیی لەبەرچاو بگرین، ئێمە دەزانین هیچ حکومەتێکی عێراقی ئامادە نەبووە مافەکانی کورد دەستەبەر بکات، بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەوەیە لایەنێکی کوردی پەیوەندییان لەگەڵدا دروست دەکات لە پێناوی دژایەتی کورد و بە ناوی کوردایەتیشەوە قسە دەکات. لەبەر ئەوە ئێمە هیواداریین پەکەکە دەست نەداتە دەستی ئەو لایەنانەی کە دژ بە بەرژەوەندی کوردن. ئێمە دەزانین دەبوو لە ساڵی ۲۰۰۷دا ماددەی ۱٤۰ جێبەجێ بکرێت، بەڵام نە ئەو کاتە و نە لە مەودواش جێبەجێ ناکرێت، بەڵام پێشمەرگە بە خوێنی خۆی سنوورەکانی کوردستانی دیاریکرد، ئیدی بۆ پشتیوانی پێشمەرگە ناکەن لەم ئەرکەدا؟ لە بری ئەوە هاوکاری لەگەڵ لایەنێك دەکەن کە بۆتە ئاستەنگ و ڕێگر لە بەردەم جێبەجێکردنی ماددەی ۱٤۰، کە بۆتە بەربەست لەبەردەم سەربەخۆیی کوردستاندا کە خەونی هەر کوردێکی شەرەفمەندە. هەر کوردێکیش بەم شێوەیە ڕەفتار بکات، بەلای منەوە تەنیا بە ناو کوردە و بە ناوەڕۆك شتێکی دیکەیە.

*** وەزارەتی پێشمەرگە هێزێکی ئافرەتانی ئێزیدی لەناو ریزەکانی پێشمەرگە دامەزراندووە، ئایا گرنگی ڕۆڵی هاتنە پێشەوەی ئافرەتانی ئێزیدی لەناو ریزەکانی پێشمەرگە چەند چییە؟**

بە بۆچوونی من ئافرەتان هیچیان لە پیاوان کەمتر نییە و ئەو خوشکانەی دەستیان داوەتە چەکی شەرەف و بەرگری و ئامادەن خوێنی خۆیان ببەخشن بۆ کوردستان، ئەوا دەبێت ڕۆڵێکی سەرەکییان پێ بدرێت. هەروەها ئەوان دەبنە سەرچاوەی هاندان بۆ پیاوانیش، واتە کاتێك دەبینین خوشکێك چەکی هەڵگرتووە بۆ بەرگریکردن لە کەرامەتی میللەتەکەی و بۆ ڕزگارکردنی خاکی وڵاتەکەی، ئەوا دەپرسن ئەی بۆ ئێمە چەك هەڵنەگرین.

**ئەگەر پەکەکە ڕێزی لە کوردانی ئێزیدی و پەیامی جڤاتی ڕۆحانی ئێزیدی و لە قوربانی و خوێنی خەڵکی شنگاڵ بگرتایە، ئەوا چۆن پێشمەرگە سەربەرزانە چووە کۆبانێ و دوای ڕزگارکردنی بە خەڵکی کۆبانێی ڕایگەیاند ئەوە ئەرکی ئێمە تەواو بووە و ئێمە دەگەڕێینەوە شوێنی خۆمان، دەبوو پەکەکەش هەمان هەڵسوکەوتی بکردایە**

**ئەوەی جێگەی سەربەرزییە بۆ ئێمە، ئەوەیە کە سەرۆک بارزانی پەیمانی پێداین نەچێتەوە ماڵی خۆی هەتا شنگال ڕزگار نەکرێت، دوای ڕزگارکردنیشی سەرۆک چووە سەر چیای شنگال و ئەوە ڕۆژێکی مێژوویی بوو بۆ کوردی ئێزیدی و بە هیچ شێوەیەک لەبیر ناکرێت**

**مایەی خۆشبەختیشە کە ئەگەری تەشەنەسەندنی بیری توندڕەوی و کوشتار و سەربڕین لە نێو خەڵکی کوردستاندا لە ئارادا نییە، چونکە خەڵکی کوردستان خۆیان دژی ئەم کەلتوورەن و ڕەتی دەکەنەوە**

## قارەمانێتی پێشمەرگە و کاریزمای سەرۆک بارزانی

# ڕۆژە سەختەکانی گۆڕی بە ڕۆژی دەرکەوتنی خۆری سەربەخۆیی کوردستان


قسەکردن لەسەر چاکسازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگەو ئەو ریفۆرم و پێشکەوتنانەی پێشمەرگەی کوردستان لەم چەند ساڵەی دوایی بەسەریدا هات، ناکرێت بێ باسکردنی سەرەتاکانی شەڕی داعش و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بتوانین شرۆڤەیەکی وردو راستەقینەی بۆ بکەین.

لەمانگی ئابی ٢٠١٤ بەدواوە کاتێك داعش هەموو زەبرو قین و هەڕەشەی خۆی رووی لەکوردستان کردو کوردستان بۆ چەند مانگێك بەدۆخێکی زۆر ئاڵۆزو ناهەموار تێپەڕی کاتێکیش هەڕەشەکانی داعش بە چەك و جبەخانەی پێشکەوتووی ئەمەریکی چەندین فیرقەی عێراقی رووی لەدەشتی نەینەواو کردو کارەساتی شنگالی لێکەوتەوە، ئەو کات نائامادەییەکی تەواو لەکۆی کایەی کوردستان لە بواری سیاسی و سەربازی و ئیداری و کۆمەڵایەتی و ئابووری هەبوو، ئەم نائامادەییە وایکردبوو بەگشتی بێ ئومێدییەك بەسەر خەڵکی هەرێمی کوردستاندا باڵ بکێشێت، لەو سەردەمە سەخت و قۆناغە ناهەموارەدا دوای ئەوەی جەنابی مسعود بارزانی شەڕی کوردستان یان نەمانی لە دژی تیرۆریستانی داعش راگەیاندو بە قارەمانێتی پێشمەرگەو شەهیدبوونی پۆلێك لە رۆڵە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان توانرا سەنگەرەکانی بەرگری بەهێز بکرێت. رۆڵی جەنابی سەرۆك لەم سەرەتایەوە زۆر بەجوانی خۆی پیشان دەدا، تەنیا سەرۆك بوو توانی سەرپەرشتی ئەو سەنگەرە فراوانەی پێشمەرگە و هێرشە دڕندەیەی تیرۆرستان بکات، دواتر جەنابی سەرۆك بوو کە توانی بۆ جارێکی تر ئەو ئەندازیارە بێت کە پلانی رزگارکردنی هەرێمی کوردستان لەو شەڕە نەگریسە دابڕێژێت و سەرپەرشتی بکات، راگرتنی تیرۆریستانی داعش و شکستهێنانی هێرشەکانیان و هەوڵە دیپلۆماسییەکانی سەرۆك بارزانی وایکرد کوردو پێشمەرگە بچنە ناو هاوپەیمانێتیەکی نێودەوڵەتییەوە. بەمشێوەیە هاتن و پاڵپشتیکردنی هاوکارییەکانی هاوپەیمانان بۆ وجوود و کاریزما و دیپلۆماسیی سیاسی و سەربازی خودی جەنابی سەرۆك دەگەڕێتەوە و دواتر تا ئەم قۆناغە سەرپەشتیکردنی تەواوی سەنگەرەکانی پێشمەرگە و بەڕێوەبردن و رێکخستنی میحوەرەکان و سەرپەرشتیکردنی دیپلۆماسیەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن جەنابی سەرۆك بارزانی وایکردووە، سەرۆك و سەرۆك وەزیران و ئەو ژمارە زۆرەی وەزیرانی دەرەوە و بەرگری و سەربازیی وڵاتان و گەورە ژەنەڕاڵە سەربازییەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی هاوپەیمانان سەردانی کوردستان کوردستان بکەن، واتە سەرۆك بارزانی توانیویەتی لەخراپترین قۆناغی سیاسی و سەربازیدا ئاراستەی مێژوو و سیاسەتەکان بۆ بەرژەوەندی گەلی کوردستان بگۆڕێت.

بە قارەمانێتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و کاریزمایەتی سەرۆك بارزانی لەسەرپەرشتیکردنی هێزی پێشمەرگە و هاوکارییەکانی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی، رۆژە سەختەکان گۆڕان بۆ رۆژی سەرکەوتن و دەرکەوتنی خۆری سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستان.

**● قۆناغی ئێستای هێزی پێشمەرگەی کوردستان**

لەئێستادا هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەقۆناغی وەرچەرخانی مێژووییدایە کە جگە لەوەی تیرۆرستانی داعشی لەناوچەکەدا تێکشکاندووە، هاوکات گەورەترین دەستکەوتی بۆ کوردو کوردستان بەدەستهێناوەو بووەتە سیمبولێکی جیهانی و ناوی پێشمەرگە لەسەر زاری زۆرینەی سەرکردە سیاسییەکانی جیهان بە دۆست و دوژمنەوە دەنگی داوەتەوە، لەلایەکی ترەوە رزگارکردن و ئازادکردنی بەشێکی زۆری ناوچەکانی خاکی کوردستان و پاراستنی خەڵکی ناوچەکانی دەرەوەی



عەمید هەڵگورد حیکمەت

بەڕێوەبەری گشتی راگەیاندن و
رۆشنبیری و هۆشیاری لە وەزارەتی پێشمەرگە

بۆ گوڵانی نووسیوە

ئیدارەی هەرێم دەستکەوتێکی تری مێژوویی سەرۆك بارزانی و هێزی پێشمەرگەیە.

## ● قۆناغی دوای شەڕی داعش

ئەمڕۆ قۆناغی دوای شەڕی داعش هاتۆتەپێشەوە، وەکو هێزی پێشمەرگەش پێویستی بەدووبارە خۆڕێکخستنەوە هەیە، لەسەر ئەم بۆچوونە وەزارەتی پێشمەرگە پلانی هەبووە بەوەی بەخۆداچوونەوەیەك بکات و تەرشیقی دیوانی وەزارەتی بکات و هەندێك پلانی هەبێت بۆ لیواکانیشی، لەچەند مانگی رابردوودا بەجددی کار لەسەر ئەم مەسەلەیە کراوە، دەرئەنجام کاتی ئەوە هاتووە کە وەزارەتی پێشمەرگە بەرەو هەشتەمین ساڵی یەکگرتنەوەی دەچێت و خاوەنی ئەزموونێکە گۆڕانکاری بەسەر وەزارەتی پێشمەرگەدا بێت، ئەم رێکخستنەوەیەش دوو پاکێجە، پاکێجێکیان تایبەتە بەخودی ناوخۆی وەزارەت و فەرمانی وەزارەتیشی بۆ دەرچوو، پاکێجی دووەمیش پێشنیازی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتییە کە تایبەتە بۆ یەکخستنەوەو رێکخستنەوەی جارێکی تری هێزەکانی پێشمەرگەو وەزارەتی پێشمەرگەش پێشوازی لێکردووە چەند ئەفسەرێك وەکو لێژنە دیاریکراون بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەفسەرانی باڵای هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی وەکو لێژنەیەکی هاوبەش کار بکەن بۆ دارشتنەوەی ٣٥ خاڵ کە خۆی لە بیروباوەڕی یەکخستنەوە و رێکخستنەوەی جارێکی دیکەی وەزارەتی پێشمەرگە دەبینێتەوە، ئەم پێشنیارانەش لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی لێژنەی هاوبەشی وەزارەت و هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی و ئەنجومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران خاڵەکان جارێکی دیکە خرانەوە گفتوگۆ و حکومەت دوای دیراسەکردنی پەسەندی کرد، بەمەش پرۆژەکە دەچێتە سەرۆکایەتی هەرێم و دوای دیراسەکردنی فەرمانێکی هەرێمی پێدەردەچێت و دووبارە ئاراستەی حکومەت و وەزارەتی پێشمەرگەو لایەنی پەیوەندیدار لەوەزارەتی پێشمەرگەو هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دەکرێت.

ئەم لێژنە هاوبەشەی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی کۆمەڵێك پێشنیاریان کردووە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی جددی وەزارەتی پێشمەرگە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، یەکێك لە پێشنیارەکانیان دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەت بە چاکسازییە لەناو وەزارەتی پێشمەرگە، لە رۆژی دەرچوونی بڕیارەکەوە ئەرکی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بریتی دەبێت لە کارکردن لەسەر یەکخستن و رێکخستنی وەزارەت و هێزەکانی ٧٠ و ٨٠و تەواوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لەناویشیدا کار لەسەر ئەوە بکرێت بوارەکانی مەشق و راهێنان رێکبخرێتەوە، ئەمە جگە لەچەندین خاڵی تری، کە خاڵی بنەڕەتی ئەوەیە: ریزبەندی زۆر دراوە بە باڵی سەربازی لەناو وەزارەتی پێشمەرگە و لەوەشدا هەوڵ دراوە هێزەکانی ٧٠ و ٨٠ رێکبخرێن بە هاوشێوەی ئەو ١٤ لیوایەی کە هەمانە لە وەزارەتی پێشمەرگە و لەسەر ئومرەی ئیدارەدانی وەزارەتن، هەروەها خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بەڵێنیان داوە لە جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا هاوکار بن. خاڵەکانی تر وردەکاری کاری وەزارەتەکەیە لە ئایندەدا کە رەنگە لەداهاتوودا لە رووی پراکتیکییەوە گۆڕانکاریشی تێدا دەکرێت، لەیەکێك لەو ٣٥ خاڵەدا داوا کراوە مووچەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەکو هێزەکانی ناوخۆ، یاخود هێزەکانی عێراقی لێبکرێت، هەروەها ئێستا کار لەسەر ئەوەش کراوە کە هەموو ئەو پێشمەرگانەی بەناوی پێشمەرگە خانەنشین کراون، لەدوای فیلتەردان کە لە ماوەی رابردوودا چاکسازی تێدا کرا، بێتەوە سەر وەزارەتی پێشمەرگە و لەچوارچێوەی ئەو وەزارەتەدا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، سەرجەم خاڵەکانی ناو پرۆژەکەش لەبەرژەوەندیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە.

# پرۆسەی سیاسیی کوردستان و یەکڕیزیی نێوان حزبە سیاسییەکان


لـە گـۆڕەپانـی سیاسـیی هـەر وڵاتێکـدا پارتـە سیاسـییەکانن کـە ڕێڕەو و سیسـتەمی حوکمڕانـی دیـار دەکـەن، ئەمـەش دوای ئـەوەی کە بـراوەی هەڵبژاردنـەکان دەبـن، چ بـە تەنیـا و چ لەگـەڵ پارتەکانـی دیکـە، پێکڤـە حکومـەت و کابینـەی حکومـەت پێکدێنـن. پارتـی بـراوە بـە گوێـرەی بەرنامـەی کاتـی هەڵبژاردنـی خـۆی، قۆناغـی حوکمڕانیـی خـۆی بـەڕێ دەکات، ئەمـە جگـە لـەوەی کـە بـە گوێـرەی هەمـان ئایدیـا و بیروبۆچوونـی خـۆی لـە نێـو دەسـەڵاتی یاسـادانان کاردەکات بـۆ ئـەوەی بتوانێـت لـە ڕووی تەشـریعی و چاودێـری و نوێنەرایەتـی، باشـترین ڕۆڵ بگێڕێـت لـە کاری سیاسـیدا بـۆ ئـەوەی لـە قۆناغەکانـی داهاتـوودا بـەردەوام بێـت، لـەم نێوەندەشـدا ناکرێـت ڕۆڵـی ئـەو پارتـە سیاسـییانەش نادیـدە بگریـن کـە وەك ئۆپۆزیسـیۆن دێنـە نێـو گـۆڕەپانـی سیاسـی، بـەو مەرجـەی کـە لـە چوارچێوەیەکـی تەندروسـتی ئۆپۆزیسـیۆندا بـن و بـە شـێوەیەکی ئوسـوولی کاری چاودێـری و ڕەخنەگرتـن ئەنجـام بـدەن و بـە فشـار خسـتنە سـەر لایەنـە دەسـەڵاتدارەکان، مەبەسـتیان باشـترکردنی بـاری گوزەرانـی خەڵـك و باشـترکردنی یاسـا و هێنانـەدی حوکمێکـی ڕەشـید بێـت. ئەمـە خـۆی لـە خۆیـدا ڕوویەکـی باشـی دیموکراسـیمان پـێ نیشـان دەدات.

بـە سـەیرکردنی گۆڕەپانـی سیاسـیی کوردسـتان هـەر لـە کاتـی ڕاپەڕینـی شـکۆمەندی خەڵکـی کوردسـتان و ڕزگاربوونیـان لەدەسـتی ڕژێمێکـی دیکتاتـۆر و دروستبوونی حکومـەت و پەرلەمـان و هەرێمێکی نیمچە سـەربەخۆ، ئـەوا بۆمـان دەردەکەوێـت کـە ئـەو قۆناغـە سیاسـییەی باشـووری کوردسـتانی پێـدا تێپەڕیـوە، بـەرزی و نزمـی و هەڵشـکان و داکشـانی زۆری بـە خۆیـەوە بینیـوە، هەروەهـا قۆناغـی دووئیدارەیـی و پێکڤـە بـوون و ئۆپۆزیسـیۆن بـوون و حکومەتـی بنکەفراوانیشـی بـە خـۆوە بینیـوە و هاووڵاتـی تامـی هـەر چـوار جۆرەکـەی چەشـتووە.

شـتێکی شـاراوە نییـە کـە قۆناغـی دووئیدارەیـی لـە ئەنجامـی ئـەو شـەڕە ناوخۆییـە بـوو کـە هەمـوو لایـەك لـە ئەنجامدانەکـەی پەشـیمانن. قۆناغـی پێکەوەییـش، ڕزگارکـەری باشـووری کوردسـتان بـوو لـە کۆتاییهێنـان بـە شـەڕی ناوخۆیـی و بڕیارێکـی حەکیمانـە بـوو. بـەڵام هـەردوو قۆناغـی ئۆپۆزیسـیۆن بـوون و حکومەتـی بنکەفراوان پرسیارگەلی زۆری هەڵگرت. ئۆپۆزیسیۆن ئەزموونێکـی ناتەندروسـتی جـێ هێشـت و نەیتوانـی لـە چوارچێوەیەکـی ڕاسـت و تەندروسـت ببێتـە موعـارەزەی حەقیقـی، چونکـە لـە ئامانجـە سـەرەکییەکەی خۆیـان کـە فشـار خسـتنە سـەر حکومـەت بـوو، بـە شـێوەیەکی ئوسـوولی، دەرچـوون و بوونـە جێبەجێکـەری کینـە و ڕق، کینەیـان بەرامبـەر بـە پارتێکـی دیاریکـراو بەکارهێنـا، بۆیـەش لـە ئۆپۆزیسـیۆن بـوون، سـەرکەوتوو نەبـوون.

لـە دواهەڵبژاردنەکانـی هەرێمـی کوردسـتان و دوای ئـەوەی پارتـی بـراوەی هەڵبژاردنـەکان لـە پێنـاو پاراسـتنی دەسـتکەوتەکان و بوونـی ئارامـی و سـەقامگیری لـە دەرگـای هەمـوو پارتێکـی دا، چ ئەوانـەی کـە دەنگـی زۆریـان هەبـوو، چ ئەوانەشـی کـە دەنگـی کەمیـان هێنابـوو، بـۆ ئـەوەی بەشـدار بـن لـە حکومـەت و بەشـدار بـوون، بـەڵام بـە داخـەوە بەشـێك لەوانـەی کـە موعاریـزە بـوون، هـەر بـە بیـری موعاریـزە بـوون و بگـرە خراپتـر و خراپتریـش، هەمـوو هەوڵێکیـان دا بـۆ ئـەوەی ئارامـی و سـەقامگیریی هەرێمـی کوردسـتان تێك بـدەن و هەرچـی تەوافـوق و پرەنسـیپێك کـە لەسـەری ڕێککەوتبـوون، پێشـێلیان کـرد و پەرلەمانـی کوردسـتانیان کـە بەرهەمـی خوێنـی شـەهید و ئەنفالەکانـە کـردە مەکـۆی حیزبـی و ئەجێنـدای کینەیـان جێبەجـێ کـردو حزبچییەتیـان کـردو لـە کاتێکـی هەسـتیاری سیاسـی کـە هاوکێشـە

کەسە باڵادەستەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، بەشێک بوون لە خولقێنەر و دروستکەری هەر شتێکی باش و خراپی باشووری کوردستان. بەڵام بەردەوام پەنجەی تۆمەتیان زیاتر و زیاتر بۆ سەر پارتی دیموکراتی کوردستان درێژ کردووەتەوە



نەدا مێرگەسۆری*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە بە گۆڕانکاری خێرادا تێپەڕ دەبێت، بوونە هۆکاری پەکخستنی پەرلەمان و نانەوەی ئاژاوە.

بە داخەوە بزووتنەوەی گۆڕان وەك سەرکێشی ئەم رەوتە فەوزەوییە بە دیدێکی تووڕە و قین لە دڵ و بە مەرامی تۆڵەسەندنەوە دەستی بە کاری سیاسی کرد، زۆربەی هەرە زۆری لایەنگر و ئەندامەکانیان جگە لە زمانی زبر و تووڕە بە هیچ زمانێکی تر سیاسەتیان نەدەکردووە و بۆچوونیان وابووە کە تەنیا ئەوان سپی و پاکن و ئەوانی تریش رەش و ناپاکن! لە کاتێکدا کەسە باڵادەستەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، بەشێك بوون لە خولقێنەر و دروستکەری هەر شتێکی باش و خراپی باشووری کوردستان. بەڵام بەردەوام پەنجەی تۆمەتیان زیاتر و زیاتر بۆ سەر پارتی دیموکراتی کوردستان درێژ کردووەتەوە، ئەمەش نەهجێکە گرتوویانەتەبەر و هیوادارین هێدی هێدی و دوای کۆچی دوایی رێکخەری گشتیی گۆڕان بەڕێز (نەوشیروان مستەفا) دەستبەرداری ببن، چونکە سیاسەتکردن بە رق و کینە و سڕینەوەی یەکتری ناکرێت. تاکو رێکخەری گشتی ئەم بزاڤە لە ژیان مابوو، ئەمە نەهج و رێچکەی ئەم بزووتنەوەیە بوو، دڵنیام لەوەی لە دەستدانی کەسی یەکەمی هەر پارتێك شوێنکارێك لەسەر پێکهاتەو و رێکخستن و ئەدای کاری سیاسیی پارتەکەی جێ دیلێت و دەبێتە هۆی ئەوەی هەر هیچ نەبێت بۆ ماوەیەك لاسەنگییەك دروست بکات و سەرلێشێواوییەك لە نێو ئەندامانی پارتەکە دروست دەکات، ئەمەش بە تێپەربوونی کات لایەنە ئەرێنی و نەرێنیانەکانی دەردەکەوێت. نیشانەکانی ئەم لاسەنگییە هەر لە چرکە ساتی ناشتنی تەرمی بەڕێز کاك (نەوشیروان) دەرکەوت، چونکە هەندێك لەو خیتابانەی لەسەر گۆڕەکەی بەڕێزیان لە مەراسیمی ناشتنی دران، دەرخەری ئەوە بوون کە مردنی کاك (نەوشیروان) لاسەنگی دروست دەکات و هەریەکە هەول بۆ ئەوە دەدات میراتەکەی گۆڕانی دوای (نەوشیروان مستەفا) بۆ خۆی ببات. هەرچەند ئەم جۆرە خیتابانە بە نەریتە کوردەوارییەکەی خۆشمان بێت، جوان نەبوو کە لە چرکە ساتی ناشتنی مردوو بدرێن، بەڵام گوتران.

مانی گۆڕان وەك بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ، یان تێکەڵبوونی لەگەڵ پارتێکی تر، ئەمە پرسێکی نێوخۆیی خودی بزووتنەوەیی گوڕانە، کە ئایا وەك پارتێکی سەربەخۆ لە کاری سیاسی بەردەوام دەبێت یان نا، یان یەك دەگرێتەوە لەگەل ئەو حیزبەی کە لێی جیابۆتەوە. یان پەرشوبڵاو دەبێت و ئەندامانی دابەشی سەر حیزبە ئیسلامییەکەی دۆستی دەبن و ئەو دەبێتە مەرجەعیان. هەرچەند ئەوان لە حزبی دایك جیابوونەوە بۆ ئەوەی تێکەڵیان نەبن، بە ئایدیاش بێت دوورن لە ئایدیای حزبە ئیسلامییە دۆستەکەیان. جا میرات و تەریکەی گۆڕان وەك خۆی بمێنێت، یان دابەش ببێت، بڕیارێکی نێوخۆیی خۆیانە، بەڵام باشتر دەبێت کە بەرنامەی کاری خۆیان بگۆڕن و لە قاڵبی رق و کینە بێنە دەرەوەو لە پێناو خزمەتکردنی کوردستان و بەرژەوەندییە گشتییەکانی گەلی کوردستان لە سیاسەتکردندا بەردەوام بن، چونکە ئەم قۆناغەی ئێستای کوردستان پێویستی بە هێوری و ئارامی هەیە بۆ ئەوەی کورد بگاتە ئامانجە لە مێژینەکەی خۆی کە خاوەن دەوڵەت بوونە.

**بەداخەوە بزووتنەوەی گۆڕان وەک سەرکێشی ئەم رەوتە فەوزەوییە بە دیدێکی تووڕە و قین لە دڵ و بە مەرامی تۆڵەسەندنەوە دەستی بە کاری سیاسی کرد، زۆربەی هەرە زۆری لایەنگر و ئەندامەکانیان جگە لە زمانی زبر و تووڕە بە هیچ زمانێکی تر سیاسەتیان نەدەکردووە**

*** پەرلەمانتارو بڕیاردەری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**



# سەرۆکایەتیی ماکرۆن و بایەخدانی بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست



نووسینی: پرزێمیسلاو ئۆسیوێکز

له سایتی Middle East Institute بڵاوكراوەتەوە

بە دڵنیاییەوە هەڵبژاردنی ئیمانوێل ماکرۆن هەواڵێکی ناخۆشە بۆ رێکخراوە تیرۆریستییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە هەمان کاتدا ئەگەری ئەوە لەئارادا نییە کە فەرەنسا تێڕوانینی خۆی بگۆڕێت لەبەرامبەر تەحەددییە ئیقلیمییە گەورەترەکاندا، بۆ نموونە، شەڕی بەردەوامی سووریا، ناکۆکی ئیسرائیل-فەلەستین، یاخود شەڕی ساردی نێوان ئێران و سعودیە.

بەڵێ، وەك پشتیوانێکی دڵسۆزی ئاوێتەبوونی ئەورووپا، بە دڵنیاییەوە ماکرۆن هەوڵ دەدات پەرە بە تێڕوانینەکانی فەرەنسا بدات لەبارەی کاروبارەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە لە نێو شەریکەکانی لە یەکێتی ئەورووپادا، بەتایبەتی ئەڵمانیاو ئیتاڵیا، لە هەمان کاتدا هەوڵی بەهێزکردنی دەسترۆیشتوویی فەرەنسا و یەکێتی ئەورووپا دەدات لە ناوچەکەدا.

ئەگەر ئیدارەی ترەمپ بەردەوام بێت لە بچووککردنەوەی رۆڵی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا، ئیمانوێل ماکرۆن پەرۆش دەبێت بۆ ئەوەی بە پێی پێدوانگەکانی خۆی ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە. ئەگەرچی ئەو رەخنە لە رابردووی کۆلۆنیالیستی فەرەنسا دەگرێت، بەڵام خوازیارە فەرەنسا بوونی هەبێت و لە کاروبارەکانی ناوچەکەدا رۆڵی بنیادنەرانە بگێڕێت.

ماکرۆن ئەو جۆرە دوژمنە نییە کە گروپە تیرۆریستییەکان ئاواتەخوازی بن. بێگومان هەڵبژاردنی مارین لۆپین ئاوی دەکرد بە ئاشی تێڕوانینە رادیکاڵەکانی توندڕەوە ئیسلامییەکاندا و دەبووە هۆی ئەوەی بتوانن خەڵکانی زیاتر لە نێو ئەورووپاوە رابکێشنە ریزەکانیانەوە. بۆچوونە سەرسەختەکانی –لۆپین- یەکی دەگرتەوە لەگەڵ دیدی توندڕەوەکاندا، کە پێیانوایە پشێوییەکانی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرئەنجامێکی ئاشکرای رابردووی کۆلۆنیالی، دژایەتی کەلتووری و نالێبووردەیی ئایینییە کە هێزە رۆژئاواییەکان، لە نێویاندا فەرەنسا، ئاگرەکەیان خۆشکرد. ئەگەرچی لێدوانەکانی ماکرۆن –تاوەکو ئێستا- ئاماژە بەوە دەکەن کە هەڵوێستێکی تۆکمەی هەیە لە ئاست ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکان دژ بە تیرۆریستان و لەگەڵ هەڵوێستەکانی سەرۆکی پێش خۆی (فرانسوا هۆلاند) یەك دەگرنەوە، بەڵام گوتاری ماکرۆن کەمتر ئیستفزازییە بە بەراورد بە هەڵوێستی رادیکاڵی مارین لۆپین. لەسەر ئەم بنەمایە، ماکرۆن دەتوانێت وێنەی خویٚ برەو پێبدات وەك سەرۆکی تەواوی گەلی فەرەنسا و دەتوانێت جەمسەرگیرییە کۆمەڵایەتییە ئاستبەرزەکە کەم بکاتەوە. رەنگە سیاسەتەکانی ماکرۆن- کە دەرفەتی بەشداری و ئاوێتەبوون دەڕەخسێنن- باشترین رێگاچارە بن بۆ سەرکەوتنی دیموکراسی و، بە رادەیەکی گەورە دەبنەهۆی کەمکردنەوەی کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی گرووپە ئیسلامییە رادیکاڵە راست و چەپەکان.

رەنگە بتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە ماکرۆن لەسەر ئاستی ئەورووپا هەموو هەوڵێکی خۆی دەخاتەگەڕ بۆ برەودان بە بیرۆکە سیاسییەکانی لە پەیوەندی بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. لە ئێستادا دەتوانێت پشت بە پاڵپشتی راوێژکاری ئەڵمانیا (ئەنجێلا مێرکڵ) ببەستێت، هەروەها بەرپرسە سەرەکییەکانی یەکێتی ئەورووپا، لە نێویاندا دۆناڵد تاسك و جین کلۆد یونکەر، کە بە ئاشکرا پشتیوانیان لە کاندیدبوونەکەی کرد لە ماوەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا. لە بەرامبەردا، ئەو هەوڵ دەدات دیپلۆماسییەتی یەکێتی ئەورووپا بەهێز بکات و دڵنیا بێت لەوەی کە لەسەر شانۆی جیهان دەنگی ئەورووپا دەبیسترێت.

رەنگە ئیدارەی ئێستای ئەمریکا بە گەرمی پێشوازی لە تێڕوانینێکی لەم چەشنە نەکات. سەرۆك دۆناڵد ترەمپ پێی باشە شەریکە ئەورووپییەکان وەك گروپێك لە دەوڵەتی نەتەوەیی ببینێت، نەك وەك یەکێتی چەند دەوڵەتێك کە بە باشی رێکخرابێت و تەحەددای دیپلۆماسییەت و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بکات لە ناوچەکەدا.

دەرئەنجامی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی فەرەنسا کاریگەری نابێت لەسەر هەڵوێستی فەرەنسا لە ئاست کێشەی سووریادا. ماکرۆن پشتیوانی دیپلۆماسیەتی یەکێتی ئەورووپا دەکات و جار بە جار کردەوەیەکی تاکلایەنە ئەنجام دەدات، ئەگەر خاکی سووریا ببێتە سەرچاوەی هەڕەشەیەکی راستەوخۆ بۆ ئاسایشی نەتەوەیی فەرەنسا (بە چەشنی ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٥دا

**هەندێ لە گەورە کۆمپانیاکانی فەرەنسا گرێبەستی پڕ لە قازانجیان واژۆ کردووە لەگەڵ هاوشانە ئێرانییەکانیاندا لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥وە. لە نێویاندا تۆتاڵ، کۆمپانیای دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەڕ – کە سەر بە دەوڵەتە-، بیجۆ ستریۆن، کۆمپانیای بیناسازی ڤینسی و ئێرباس**

**فەرەنسای ژێر دەسەڵاتی ماکرۆن نابێتە شەریکێکی ئاسان بۆ رووسیا و رەنگە بەردەوام بێت لە بەرهەڵستیکردنی دەستپێشخەرییەکانی مۆسکۆ لە پەیوەندی بە کێشەی سووریاوە، بە پرۆسەی ئاستانەشەوە**

**دۆناڵد ترەمپ پێی باشە شەریکە ئەورووپییەکان وەک گروپێک لە دەوڵەتی نەتەوەیی ببینێت، نەک وەک یەکێتی چەند دەوڵەتێک کە بە باشی رێکخرابێت و تەحەددای دیپلۆماسییەت و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بکات لە ناوچەکەدا**

روویدا). لە هەمان کاتدا، فەڕەنسا پشتیوانی ئەمریکا دەکات لە هەوڵەکانیدا بۆ گەڕاندنەوەی ئاشتی و زەمانەتکردنی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە سووریا. ماکرۆن پێشوازیی لەو گورزە نەشتەرگەرئاسایە کرد کە ئەمریکا ئەنجامیدا دوای هێرشە کیمیابییەکەی کە کرایە سەر خەڵکانی مەدەنی لە خان شەیخون.

بە پێچەوانەوە، فەڕەنسای ژێر دەسەڵاتی ماکرۆن نابێتە شەریکێکی ئاسان بۆ رووسیا و رەنگە بەردەوام بێت لە بەرهەڵستیکردنی دەستپێشخەرییەکانی مۆسکۆ لە پەیوەندی بە کێشەی سووریاوە، بە پرۆسەی ئاستانەشەوە. جیاوازیی نێوان ئەو رێگاچارەیەی کە رووسیا و فەڕەنسا دەیگرنەبەر دەگەڕێتە بۆ سەرەتای شەڕی سووریا. ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە کە فەڕەنسا پشتیوانی ئەوە بکات رووسیا و تورکیا و ئێران کۆنترۆڵی تەواوی پرۆسەی سیاسی لە سووریا بکەن.

لەبری ئەوە، ئەوان کاردەکەن بۆ ئەوەی هاوکارییەکی نزیکتر لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دیکەدا بکەن لەم رووەوە. ماکرۆن هەموو هەوڵی خۆی دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاستانە جێی پرۆسەی جنێڤ نەگرێتەوە، هەروەها کاردەکات بۆ ئەوەی رێککەوتنی ئاشتی لەسەر بنەمای ئیرۆ ئەتڵەنتییەکان بێت، لەبری بنەما ئیرۆئاسیاییەکان.

لە کاتێکدا کە رەنگە فەڕەنسا هاوکاری لەگەڵ ئەمریکادا بکات لەبارەی کێشەی سووریاوە، ماکرۆن هێندەی ئیدارەی ترەمپ مەیلی بۆ ئیسرائیل نابێت. تەنانەت ئەگەر پاریس بە شێوەیەکی رەسمی لایەنگیری نەکات لە ناکۆکی ئیسرائیل-فەلەستیندا، ئەوا شتێکی نهێنی نییە کە هەڵوێست و کردەوەکانی پێشووی فەڕەنسا، تەفزیلی فەلەستینییەکانیان کردووە.

لە ساڵی ٢٠١٢دا، فەڕەنسا لە بەرژەوەندی فەڵەستین دەنگیدا بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی فەڵەستین بۆ چاودێری غەیرە ئەندام لە کۆمەڵی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا. چەند ساڵێکی دواتر، پەرلەمانی فەڕەنسا هۆشداری دایە ئیسرائیل کە دان بە دەوڵەتی فەڵەستیندا دەنێت، ئەگەر بێتو گفتوگۆکان شکستیان هێنا. هەرچۆنێك بێت، ماکرۆن بە ئاشکرا رایگەیاندووە کە ئەولەوییەتی ئەو بریتییە لە دروستکردنی کەشێك کە یارمەتیدەر بێت بۆ پرۆسەی ئاشتی. هەروەها ئەو دژی هەر دانپێدانانێکی پێشوەختەیە بە فەڵەستیندا. لەوەش زیاتر، بە چەشنی سووریا، رەنگە ماکرۆن پتر بەلای ئەوەدا بیشکێنێتەوە کە یەکێتی ئەوروپا لە ئاست ناکۆکییەکانی فەڵەستین-ئیسرائیل هەڵوێستێکی بنیادنەری هەبێت.

لە کۆتاییدا کە گرنگیی ئەمەش لە خاڵەکانی دیکە کەمتر نییە، گومانێکی کەم هەیە کە ماکرۆن هەمان هەڵسەنگاندن و تێڕوانینی هەبێت بۆ پلانی گشتگیری هاوبەشی کارکردن-رێککەوتنی ئەتۆمی ئێران و کۆمەڵەی ٥+١-، ئەگەری ئەوەش هەیە بەرهەڵستی سەپاندنی هەر سزایەك بکات کە پەیوەست نەبێت بە پرسی ئەتۆمییەوە. پاڵنەری ئەم هەڵوێستە پاڵنەرێکی تەواو ئابوورییە. بە پێچەوانەی ئەمریکاوە، فەڕەنسا لە نێو سوودمەنترین لایەنەکانی رێککەوتنەکەیە لەگەڵ ئێراندا.

هەندێ لە گەورە کۆمپانیاکانی فەڕەنسا گرێبەستی پڕ لە قازانجیان واژۆ کردووە لەگەڵ هاوشانە ئێرانییەکانیاندا لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥وە. لە نێویاندا تۆتاڵ، کۆمپانیای دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەڕ — کە سەر بە دەوڵەتە-، بیجۆ ستریۆن، کۆمپانیای بیناسازی ڤینسی و ئێرباس.

لە میانەی سەردانی سەرۆکی ئێران حەسەن رۆحانی بۆ فەڕەنسا لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٦دا، هەردوو وڵاتەکە بە بەهای زیاتر لە ٣٣ ملیار دۆلار گرێبەستیان واژوو کرد. لەبەر ئەم هۆکارە روونانە، ماکرۆن ئامادە نابێت دووبارە گفتوگۆ لەبارەی رێککەوتنەکەوە بکات، چ جای ئەوەی هەڵبوەشێندرێتەوە، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە ئێران بە ئاشکرا پلانی گشتگیری هاوبەش بۆ کارکردن پێشێل بکات، یان ببێتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی فەڕەنسا.

بە شێوەیەکی گشتی، رەنگە لە نێوان ئەمریکا و فەڕەنسادا بەرژەوەندییەکان پتر یەك بگرنەوە وەك لەوەی لێك جیاببنەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەگەڵ ئەوەشدا رەنگە زەحمەت بێت کە ترەمپ بتوانێت «رێککەوتنی زۆر زۆر باش» لەگەڵ هاوشانەکەیدا بکات.

**ئەگەرچی لێدوانەکانی ماکرۆن —تاوەکو ئێستا- ئاماژە بەوە دەکەن کە هەڵوێستێکی تۆکمەی هەیە لە ئاست ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکان دژ بە تیرۆریستان و لەگەڵ هەڵوێستەکانی سەرۆکی پێشو خۆی (فرانسوا هۆلاند) یەک دەگرنەوە، بەڵام گوتاری ماکرۆن کەمتر ئیستفزازییە بە بەراورد بە هەڵوێستی رادیکاڵی مارین لۆپین**

**ماکرۆن ئەو جۆرە دوژمنە نییە کە گروپە تیرۆریستییەکان ئاواتەخوازی بن. بێگومان هەڵبژاردنی مارین لۆپین ئاوی دەکرد بە ئاشی تێڕوانینە رادیکاڵەکانی توندڕەوە ئیسلامییەکاندا و بووە هۆی ئەوەی بتوانن خەڵکانی زیاتر لە نێو ئەوروپاوە رابکێشنە ریزەکانیانەوە**



## ئێران لە دوای هەڵبژاردنەکان

# ڕۆحانی
# شەڕی حکومەتی سێبەر دەکات



نووسینی: ئاریانا تەباتەبائی

ئەم وتارە لە گۆڤاری فۆرێن ئەفێرز و لە ڕۆژی ٢٦ی ئایاری ساڵی ٢٠١٧دا بڵاوکراوەتەوە.

**پێگەی ڕۆحانی لە خولی دووەمدا بەهێزترە بە بەراورد بە خولی یەکەم، کە ئەمەش شتێکی نائاساییە بۆ سەرۆکێک کە دوو خول سەرۆک بێت**

**ئوسوولگەراکان هەوڵەکانیان خستۆتەگەڕ بۆ سنووردارکردنی ئەوەی ڕۆحانی دەتوانێت بەدەستی بهێنێت، حکومەتی سێبەریش دەتوانێت دەلاقەیەک بێت بۆ خستنەگەڕی هەوڵەکانیان و بواریان پێدەدات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاراتر ئەو کارە بکەن کە پێشتر ئەنجامیان دەدا**

**هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی ساڵی ٢٠١٧ بەڵێنێکی گەورە بوو بۆ ئەجێندەی میانڕەو و ریفۆرمخواز لە ئێراندا، دەرئەنجامەکەشی ڕەنگدانەوەی پەرۆشی دانیشتووانێکی شارنشین و گەنجە، کە ئاستێکی بەرزی پەروەردەیان هەیە، بۆ ئەوەی وڵاتەکەیان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەوە بکرێتەوە**

لە ١٩ی ئایاردا، ئێران هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەنجامدا. حەسەن ڕۆحانی کە پۆستی سەرۆکایەتی بەدەستەوە بوو، سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمارکرد و خولێکی چوار ساڵی دیکەی سەرۆکایەتی بردەوە. ڕۆحانی لەسەر بنەمای کرانەوە بە ڕووی جیهاندا، لە نێویاندا ئەمریکا و دەوڵەتە عەرەبییەکانی کەنداوی دراوسێی و لەسەر بنچینەی ئەنجامدانی چاکسازیی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری لە ناوخۆدا، هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی بەڕێوەدەبرد. پاڵێوراوە سەرسەختەکان بەرنامەیەکی پۆپۆلیستی و گۆشەگیرانەیان هەڵگرتبوو و بە ڕێژەیەکی گەورە هەڵبژاردنەکەیان دۆڕاند، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە شەڕەکە کۆتایی هاتووە، ئێستا ئەو کەسایەتییە سەرسەختانە هەوڵی ئەوە دەدەن لە ڕێی دروستکردنی حکومەتی سێبەرەوە بەرهەڵستییەکی توندتری ڕۆحانی بکەن.

لە رابردوودا بیرۆکەی حکومەتی سێبەر لە ناوەندە سیاسییەکانی ئێراندا باس و خواستی لەبارەوە دەکرا. لە ساڵی ٢٠٠٥دا، ئەو ریفۆرمخوازانەی کە هەڵبژاردنەکەیان لەبەرامبەر ئەحمەدی نەژادی سەرسەختدا دۆڕاندبوو، ئەم ئەگەرەیان وروژاند، بەڵام هەرگیز ئەمە بەدی نەهات، زیاتر لەبەر ئەوەی ڕژێمەکە تەفزیلی سەقامگیری و بەردەوامبوونی دەکرد و خوازیاری ئەوە بوو وەك وڵاتێکی یەکگرتوو وێنەی ئێران بنەخشێنێت. هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لە ئێراندا، ئەگەرچی کورتن، بەڵام دەکرێت دڵڕەقانە بن. خەڵکی بە ئاشکرا گفتوگۆ لەبارەی ئایندەی وڵاتەکەیانەوە دەکەن، ئەو پاڵێوراوانەی کە ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور پەسەندی کردن لە تەلەفزیۆنی نیشتمانییەوە مشتومڕیان لەبارەی بژارەکانەوە دەکرد. ڕەنگە بتوانین بڵێین ئەوە شتێکی حەتمی بوو کە رابەری باڵا، ئایەتوڵا خامنەئی، کە هەوڵی دەدا وا خۆی پیشان بدات کە لە سەرووی سیاسەتەوەیە، پاڵێوراوەکانی ئاگادار دەکردەوە کە دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکەن سنوورەکان نەبەزێنن و هێرش نەکەنە سەر کەسایەتی یەکتری. لە دەرئەنجامدا، سیستمەکە جەخت لەسەر یەکێتی دەکاتەوە لە دوای هەڵبژاردنەکەوە، ئەگەرچی دەتوانێت لە سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا دابەشبوون دروست بکات، یاخود قووڵی بکاتەوە.

ئەمجارەیان و بۆ ئەوەی ناسەقامگیری دروست نەبێت، رکابەری سەرسەختی ڕۆحانی، ئیبراهیم رەئیسی، پیرۆزبایی لە سەرۆك کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست. بەڵام ئەمە دوای ئەوە بوو کە لەسەرەتادا گومانی لە دەرئەنجامەکان کردو، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە نابێت خواستی لایەنگرەکانی فەرامۆش بکرێن. رەئیسی توانی سوود لەو ناڕەزاییەتە هەڵکشاوە ببینێت کە لە ئاست جێبەجێکردنی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەدا هەیە، هێشتا زۆرێك لە ئێرانییەکان کاریگەرییەکی زۆر بەدی ناکەن لە دەرئەنجامی هەڵگرتنی سزاکان و بووژاندنەوەی ئابووری. رەئیسی ١٥,٥ ملیۆن دەنگی بەدەستهێنا، واتە لە سەدا ٣٨,٥ی سەرجەم دەنگی ئەو هاونیشتمانییانەی دەنگیان دابوو، ئەمە لە کاتێکدا ڕۆحانی ٢٣ ملیۆن دەنگی بەدەستهێنا، واتە لەسەدا ٥٧ی دەنگەکان. رەئیسی و هاوپەیمانە ئوسوولگەراکانی، ئەوانەی باوەڕیان بە پشتبەخۆبەستن و گەڕانەوە بۆ بەها بنەڕەتییەکانی شۆڕش هەیە، دەرئەنجامەکە بە سەرچاوەی شەرعیەت و سەرمایەی سیاسی دەزانن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەجێندەی بەرزەفڕانەی ڕۆحانی. ئەوان دەیانەوێت ڕێگری لە سیاسەتەکانی بکەن، وەك کرانەوە بە ڕووی ڕۆژئاوادا، کرانەوەی کۆمەڵایەتی و چاکسازیی ئابووری، ئەویش لە ڕێی دەسەڵاتی یاسادانانەوە و لە ڕێی پشتبەستن بە دەزگای هەڵنەبژێردراوەکانەوە، کە پتر مەیلێکی موحافیزکارانەیان هەیە.

دوای هەڵبژاردنەکان مەسەلەکان پتر ئاڵۆز بوون، کاتێك سەعید جەلیلی کە ناوێکی ئاشنایە لە ناوەندە سیاسییەکانی ڕۆژئاوادا، کە گەورە گفتوگۆکاری ئەحمەدی نەژاد بوو بۆ پرسی ئەتۆمی و پاڵێوراوی سەرۆکایەتی بوو لە ساڵی ٢٠١٣ رایگەیاند کە حکومەتێکی سێبەر دروست دەکات. ئەم پلانە، هەروەك لەلایەن جەلیلییەوە ڕوونکرایەوە، کۆمەڵێکی شارەزا لە خۆدەگرێت کە کاردەکەن بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی ئەو تەحەددی و کێشانەی کە وڵاتەکە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. کە پرسەکانی سیاسەتی دەرەوە بۆ مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها بواری پیشەسازی و ئابووری و گەندەڵی و شەفافییەت و تەندروستیی گشتی لەخۆدەگرن. ئەم جووڵەیە پشت بە بانگەشەی ئوسوولگەراکان دەبەستێت بۆ

بەکارهێنانی ئەو ژمارە زۆرەی دەنگەکان کە لە بەرژەوەندیی رەئیسی دران. جەلیلی کەسایەتییەکی لاوەکییە لە سیاسەتی ئێراندا. بەڵام ئەم جووڵەیە گرنگە و دەکرێت کاریگەری هەبێت لەسەر خولی دووەمی سەرۆکایەتی رۆحانی و لەسەر کرانەوەی لە ئاست کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

لەم ساڵانەی دواییدا کەسایەتیە سەرسەختەکان و موحافیزکارەکانی ئێران تەواو دابەش بوون لە نێو خۆیاندا. زۆرێك لە کەسایەتییە ئوسوولگەرا سەرەکییەکان، هەم سەرسەختەکان و هەم موحافیزکارەکان، لە نێویاندا جەلیلی، ناوبانگی پێویستیان نییە، ئەمە لێگەڕێ کە سەرمایەی کۆمەڵایەتی و پشتیوانی جەماوەریشیان نییە، بۆ ئەوەی ببنە سەرکردەگەلێکی کارای بەهەڵستکار. بۆ نموونە، پێش ئەوەش ئەوەی ناوبانگ دەربکات لە دەرئەنجامی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکان لە ساڵی ٢٠١٧ ، رەئیسی لای خەڵکانی ئاسایی ئێران نەناسرا بوو.

بەهۆی دابەشبوون و نەناسراوییانەوە، سەرسەختەکان تەنیا توانییان جار بە جار رێگری لە ئەجێندەکانی رۆحانی بکەن. ئەمە حاڵەتەکە بوو لە سەروەختی گفتوگۆکانی پەیوەست بە پرسی ئەتۆمییەوە، کە زۆرێك لە لایەنە سەرسەختەکان رەخنەیان لێگیرا لەلایەن خامنەئییەوە. بەڵام سەرسەختەکان سەرکەوتوو نەبوون لە هەوڵەکانیاندا بۆ بەلارێدابردنی گفتوگۆکان و ئەو رێککەوتنە ئەتۆمییەی بەدوایدا هات. لە ئێستادا، بەردەوام رەخنە لە رێککەوتنەکە دەگرن، ئەگەرچی دەزانن کە شەڕەکەشیان دۆڕاندووە.

بەڵام ئوسوولگەراکان لە دوای ئەو ئەزموون و هەڵبژاردنانەوە، ئامادەن بۆ چڕکردنەوەی هەوڵەکانیان و دروستکردنی حکومەتی سێبەریش ئەم ئەرکە بەدی دینێت. ئەگەر بە باشی جێبەجێ بکرێت، ئەوا بوار بە ئوسوولگەراکان دەدات بۆ ئەوەی هەوڵێکی درێژخایەنتر و چڕوپڕتر و بەرچاوتر بخەنەگەڕ بۆ بەرەنگاربوونەوەی رۆحانی و لاوازکردنی ئەجێندەکەی. هەروەها بواریان پێ دەدات بۆ ئەوەی رۆڵێکی گەورەتر ببینن و بکەونە هۆنینەوەی بەیت و باڵۆرە لەبارەی ئەجێندەی رۆحانییەوە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتەکەدا بێ ئەوەی چاوەڕێی وەرزی هەڵمەت و هەڵبژاردنەکان بن.

لە دوای واژووکردنی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە لە تەمووزی ساڵی ٢٠١٥وە، خامنەئی خۆی بە دوورگرتووە لە رۆحانی و تەنانەت رەخنەی بەرچاوی لێگرتووە. لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا، ئەوە باوەڕە لە ئارادا بوو کە رەئیسی پاڵێوراوی خوازراوی ئەوە، بەڵام خامنەئی لەگەڵ سەقامگیریدایە. ئەگەر حکومەتی سێبەر بتوانێت توانای رۆحانی سنووردار بکات بۆ بەرەوپێشبردنی ئەجێندە بەرززەفڕەکەی، بێ ئەوەی تەواوی کەشتییەکە تێکبشکێنن، ئەوا ئەگەری هەیە خامنەئی-یان لەگەڵدا بێت.

ئەگەر ئوسوولگەراکان تێڕوانینێکی یەکگرتوو و ستراتیژی بخەنەڕوو بۆ ئایندەی کۆماری ئیسلامی و بتوانن لایەنە جیاوازە موحافیزکارەکان یەکبخەن، ئەوا دەتوانن بەر بە رۆحانی بگرن. ئەوان باوەڕیان وایە ئەمە گرنگترە لەوەی ئیرادەیەکی زیاتر بە رۆحانی بدەن بۆ لاوازکردنی سوپای پاسداران لە دەرەوەی کەرتی بەرگری، بوونی سوپای پاسداران و کاریگەری لەسەر بواری سیاسی و ئابووری وڵاتەکە، بەربەستی سەرەکییەکە لەبەردەم ئاوێتەبوونی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، کە رۆحانی هەوڵ دەدات ئاسانکاری بۆ بکات لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا. تاوەکو ئێستا، سوپای پاسداران کاراترین هێز بووە لە دژی هەندێ لە ئامانجەکانی میانڕەوەکان.

هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی ساڵی ٢٠١٧ بەڵێنێکی گەورە بوو بۆ ئەجێندەی میانڕەو و ریفۆرمخواز لە ئێراندا. دەرئەنجامەکە رەنگدانەوەی پەرۆشی دانیشتووانێکی شارنشین و گەنجە، کە ئاستێکی بەرزی پەروەردەیان هەیە، بۆ ئەوەی وڵاتەکەیان لە رووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەوە بکرێتەوە. پێگەی رۆحانی لە خولی دووەمدا بەهێزترە بە بەراورد بە خولی یەکەم، کە ئەمەش شتێکی نائاساییە بۆ سەرۆکێك کە دوو خول سەرۆك بێت. بەڵام ئوسوولگەراکان هەوڵەکانیان خستۆتەگەڕ بۆ سنووردارکردنی ئەوەی رۆحانی دەتوانێت بەدەستی بهێنێت، حکومەتی سێبەریش دەتوانێت دەلاقەیەك بێت بۆ خستنەگەڕی هەوڵەکانیان و بواریان پێدەدات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاراتر ئەو کارە بکەن کە پێشتر ئەنجامیان دەدا.

**بوونی سوپای پاسداران و کاریگەری لەسەر بواری سیاسی و ئابووری وڵاتەکە، بەربەستی سەرەکییەکە لەبەردەم ئاوێتەبوونی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، کە رۆحانی هەوڵ دەدات ئاسانکاری بۆ بکات**

**خامنەئی لەگەڵ سەقامگیریدایە. ئەگەر حکومەتی سێبەر بتوانێت توانای رۆحانی سنووردار بکات بۆ بەرەوپێشبردنی ئەجێندە بەرززەفڕەکەی، بێ ئەوەی تەواوی کەشتییەکە تێکبشکێنن، ئەوا ئەگەری هەیە خامنەئی-یان لەگەڵدا بێت**

**پاڵێوراوە سەرسەختەکان بەرنامەیەکی پۆپۆلیستی و گۆشەگیرانەیان هەڵگرتبوو و بە رێژەیەکی گەورە هەڵبژاردنەکەیان دۆڕاند، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە شەڕەکە کۆتایی هاتووە، ئێستا ئەو کەسایەتییە سەرسەختانە هەوڵی ئەوە دەدەن لە رێی دروستکردنی حکومەتی سێبەرەوە بەرهەڵستییەکی توندتری رۆحانی بکەن**

# ململانێی نێوان مەرجەعە ئایینییەکانی شیعە

بنەمای بنەڕەتیی لە هەردوو مەزهەبی شیعەو سوننە ئەوەیە کە ئیسلام ئایین و دنیایە، نەك ئایین و دەوڵەت، لەکاتێکدا کە ئیسلامی سیاسی بە هەردوو باڵی سوننەو شیعەیەوە هەوڵدەدات لە گوتارە سیاسییەکەیدا جەخت لەوە بکاتەوە کە ئیسلام ئایین و دەوڵەتە، ئەوەی جیاوازیش لەنێوانیاندا بکات، ئەوا تاوان بەرامبەر ئیسلام ئەنجامدەدات، ئەوەش لە گوتارەکانی حەسەن بەننای دامەزرێنەری ئیخوان موسلمین و ئەوانەی دواتریش هاتوون لەوانە سەید قوتب و محەمەد قوتب و ئایەتوڵا خومەینی لە کتێبەکەی حکومەتی ئیسلامی دەردەکەوێت، کە تیۆری ولایەتی فەقیهی داهێناو هەرایەکی لەنێوان مەرجەعە ئایینییەکانی شیعە نایەوە کە زۆربەیان ڕەتیان کردەوە.

کاتێ مێژووی مەرجەعە ئایینییەکانی شیعە دەخوێنینەوە دەبینین کە زۆربەیان دەستتێوەردان لە کاروباری سیاسی و دەوڵەت ڕەتدەکەنەوە، تەنیا تەرکیز لەسەر پەیامی بانگخوازی و مۆڕالی و ڕۆحیی دەکەن، بەڵام هەندێکی دیکە ئەمە بە تەواوکەری پەیامی ئاسمانی دەزانن، وازهێنان لە سیاسەت بە تاوان دادەنرێت، مێژووش شاهیدە هەر چەند مەرجەعە ئایینییەکانی شیعە دەستتێوەردانیان لە سیاسەت کردبێت، دۆخەکە ئاڵۆزتر و خراپتر بووە، تەنیا کەمیان نەبێت کە ڕۆڵی ئەرێنییان لە سیاسەت هەبووە، ئەوەی لە مێژوو روویداوە، ئەوەیە کە زۆربەی سیاسەتوانان، کاریزمای مەرجەعە شیعەکانیان بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی و حزبی قۆستۆتەوە.

ململانێیەك لەئارادایە لەنێوان شاری نەجەفی عێراقی و شاری قومی ئێرانی، مەرجەعیەتی عێراقی لە نەجەف ولایەتی فەقیه ڕەتدەکاتەوە و دەیەوێت ئایین لە سیاسەت جیابکرێتەوە و داوای دەوڵەتی مەدەنی دەکات، لەسەروویانەوە عەلی سیستانی، کەچی مەرجەعەکانی شیعە لە قوم داوای جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت ناکەن و داوای دەوڵەتی ئایینی دەکەن، کە دەوڵەتی ویلایەتی فەقیهە، عەقیل وائیلی کە قوتابییەکی قوتابخانەی ئایینییە لە نەجەف دەڵێت: ململانێی نێوان مەرجەعیەتی نەجەف بە سەرۆکایەتیی سیستانی و مەرجەعیەتی قوم بە سەرۆکایەتیی خامەنەئی زۆر کۆنە دەربارەی ئەوەیە کێ سەرکردەی یەکەمی شیعەیە، شاری نەجەف ناوەندی شیعەیەو شارێکی عەرەبییە، عەلی کوڕی ئەبو تالیبی ئامۆزای پێغەمەر (دخ) و مێردی فاتیمەی کچی لێ نێژراوە، کە ئەوان عەرەبن، بەڵام ئێران هەوڵدەدات کە خۆی رابەرایەتیی شیعە بکات لە جیهاندا، هەردووکیان ڕەخنە لە یەکتر ناگرن، بەڵکو ئەو ململانێیەی نێوان هەردوو مەرجەعەکە لە شوێنکەوتووانیان و حزبەکانیاندا دەردەکەوێت، هەروەها لە هەڵوێست و وتارەکانی ڕۆژی هەینی، کە ململانێیەکانیان بەتایبەتی لە پرسە عێراقییەکان زیاترە.

لە ساڵی ١٩٧٩ شۆڕشی ئیسلامی ئێران دژی شا بەرپابوو، خومەینی دەستیکرد بە نوێکردنەوەی تیۆری ولایەتی فەقیه، چونکە لای هەندێ فەقیهەکانی شیعە هەبوو، بەڵام ئەو خستیە چوارچێوەی فیکریی سیاسییەوە و دەوڵەتی ئێرانی لەسەر بنیاد نا، بەڵام ئەو تیۆرەی لەلایەن زۆرینەی مەرجەعە ئایینییەکانی لە ژیانیدا و لە دوای مردنیشیدا ڕەتکرایەوە، لەوانەش حوسێن عەلی مونتەزریی جێگری لەسەردەمی ڕۆژانی شۆڕشی ئیسلامیدا، کە ئەو تیۆرەی ڕەتکردەوە، چونکە دەیویست ئەو ویلایەتە لە پرسە ئایینییەکاندا بێت،

**کاتێ مێژووی مەرجەعە ئایینییەکانی شیعە دەخوێنینەوە دەبینین کە زۆربەیان دەستتێوەردان لە کاروباری سیاسی و دەوڵەت ڕەتدەکەنەوە، تەنیا تەرکیز لەسەر پەیامی بانگخوازی و مۆڕالی و ڕۆحیی دەکەن، بەڵام هەندێکی دیکە ئەمە بە تەواوکەری پەیامی ئاسمانی دەزانن و وازهێنان لە سیاسەت بە تاوان دادەنێن**



د.عەرەفات کەرەم ستونی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

نـەك پەلبکێشـێت بـۆ پرسـە دنیاییـەکان و کاروبـاری دەوڵـەت و سیاسـەت و بـە ئاشکرا داوای جیاکردنـەوەی ئایینـی لـە دەوڵـەت دەکـرد، دەبـوو شـوێنی خومەینـی بگرتایـەوە و دوای مردنـی بووبایـە بـە رابـەری شۆڕشـی ئیسـلامی، بـەڵام خومەینـی سـزای دا بـە مانـەوەی زۆرەملـێ لـە ماڵەکـەی خـۆی تـا مردنـی لـە ٢٠٠٩، دواتـر خامەنەئـی دوای خومەینـی دەسـت بەکاربـوو، دوای ئـەوەی دکتـۆر محەمـەد خاتەمـی بـوو بـە سـەرۆکی ئێـران، دۆخـی ناوخـۆو دەرەوەی ئێـران باشـتربوو، ئـەو ولایەتـی فەقیهـی رەتدەکـردەوە، بـڕوای بـە دەوڵەتـی مەدەنـی و دیموکراسـی هەبـوو، لـە هەڵبژاردنەکانـی ٢٠٠٩ پاڵێـوراوی دیموکراسـی میرحوسـێن موسـەوی سـەرکەوتنی بەدەسـتهێنا، بـەڵام خامەنەئـی رێگـەی نـەدا سـەرۆکایەتی وڵات بـکات، تا ئەحمـەدی نـەژاد بـوو بـە سـەرۆك کۆمـار، ئـەوەش بـوو بـە کارەسـات بـۆ گەلـی ئێـران و دەوڵەتانـی ناوچەکـە، رەنگـە بپرسـن بۆچـی زۆرینـەی مەرجەعـە شـیعییەکانی جیهانـی شـیعە ولایەتـی فەقیهیـان رەتکـردەوە، پێموایـە پەسـندکردنی ئـەم تیـۆرە کارەسـاتێکی راسـتەقینەی پرەنسـیپەکانی دیموکراسـی و فرەیـی و مافـە سیاسییەکانی هاووڵاتـی و حزبەکانـە، ئـەو تیـۆرە دەسـت نیشـانی ئـەوە دەکات کـێ ببێتـە سـەرۆك کۆمـار، ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی کـە موسـەوی دوورخرایـەوەو نـەژاد هاتـە شـوێنی ئـەو، چونکـە کـەس بەبـێ رەزامەندیـی ولایەتـی فەقیهـ ناتوانـێ هیـچ پۆسـتێك وەربگرێـت، لەبـەر ئـەوەی سـەرچاوەی بـاڵای دەسـەڵاتەکانی پەرلەمـان و جێبەجێکـردن (سـەرۆکایەتیی کۆمـار) و دادوەرییـە، دەتوانێـت سـەرۆك دابمەزرێنێـت یـان لای بـدات، هەروەهـا شـەڕ رابگەیەنێت، ئـەوەی پەیوەسـتە بـە عێراقـەوە، هەمـوو فەقیهەکانـی شـیعە لـە نەجـەف دژی ئـەم تیـۆرەن، لەوانـە: موحسـین حەکیـم و محەمـەد باقـر حەکیمـی کـوڕی و خوئـی و شـیرازی، لـە لوبنانیـش فەقیهەکانـی شـیعە دژی ئـەم تیـۆرەن، جگـە لـە حزبـوڵا کـە شـوێنەکەوتووی ئـەم ولایەتەیـە.

رۆژ لـەدوای رۆژ ململانێـی نێـوان سیسـتانی و خامەنەئـی توندتردەبێـت، ئەمـە زیاتـر لـە عێـراق رەنگدەداتـەوە، سیسـتانی چەنـد کـردەوەو هەڵوێسـتی نوانـدووە کـە عێراقییەکانـی ئاسـوودە کـردووە، لەوانـە پشـتیوانیکردن لـە داواکانـی گەلـی عێـراق تایبـەت بـە خزمەتگوزارییـەکان و بەرەنگاربوونـەوەی گەندەڵـی، رەتکردنـەوەی تێکدانـی پرۆسـەی سیاسـی وەك هەڵوەشـاندنەوەی پەرلەمـان و گۆڕینـی دەسـتوور، دژایەتیـی تونـدی دەسـتتێوەردانی ئێـران بەتایبەتیـش قاسـم سـولەیمانی، وەسـتانەوەی دژی چەکـدارە شـیعەکانی عێـراق بـە بەشداریکردن لـە شـەڕی سـووریا بـۆ پشـتیوانیی ئەسـەد، چونکـە ئەمـە کێشـە بـۆ بەرژەوەندییەکانـی شـیعە بەتایبەتـی لـە عێـراق دروسـت دەکات، پشـتیوانیکردن لـە پـڕۆژەی حـەرەس وەتەنـی کـە سـوننە پێشکەشـیکرد، رەتکردنـەوەی بەکارهێنانـی زاراوەی حەشـدی شـەعبی کـە تائێسـتا هـەر زاراوەی خۆبەخشـان بەکاردەهێنێـت، مالیکـی لـە لێدوانەکانیـدا هەوڵـدەدات بـە خەڵکەکـە بڵـێ ئـەو خاوەنـی بیرۆکـەی حەشدی شـەعبییە، نـەك سیسـتانی، لـە راستیدا لەسـەر حەقـە، چونکـە هەوڵـدەدات سـوپایەکی ئایدیۆلۆجی وەك حزبـوڵای لوبنانـی و پاسـدارانی ئێـران دابمەزرێنێـت، دیـارە سیسـتانی دەرکـی بـەوە کـردووە کـە ئـەو فتوایـەی بـە جیهـاد دژی داعـش رایگەیاندبـوو، لەلایـەن سیاسـەتوانانی شـیعەوە بـە مەترسـییەوە قۆسـترایەوە، چونکـە هەنـدێ میلیشـیای شـیعە تاوانیـان لـە پارێزگا سوننەنشـینەکان ئەنجامـداوە، بەتایبەتیـش لـە دیالـە،

**ململانێیەک لە ئارادایە لەنێوان شاری نەجەفی عێراقی و شاری قومی ئێرانی، مەرجەعییەتی عێراقی لە نەجەف ولایەتی فەقیهـ رەتدەکاتەوە و دەیەوێت ئایین لە سیاسەت جیابکرێتەوە و داوای دەوڵەتی مەدنی دەکات، کەچی مەرجەعەکانی شیعە لە قوم داوای جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت ناکەن و داوای دەوڵەتی ئایینی دەکەن**

ئەمەش وای کرد کە موقتەدا سەدر بە «میلیشیای بێ حەیا» ناویان بەرێت، سوننە پێیوایە ئەو فتوایە دژی ئەوان دەرچووە، ئەمەش وای کرد کە ئەحمەد کوبەیسی گەورە زانای سوننە لە عێراق ئەم فتوایە رەتکاتەوە، هەروەها مەرجەعی شیعەش سەرخی، هۆی ئەم رەتکردنەوەیەش ئایینی نییە، بەڵکو سیاسییە، چونکە سەرخی خۆی بە مەرجەعی عێراقی عەرەبی دەزانێت، بەڵام سیستانی بە مەرجەعی ئێرانی فارسی، ئەو هەوڵیدا هەژموونێك بۆ خۆی لە عێراق پەیدابکات لەرێی سوپاکەیەوە بە ناوی سوپای حوسێن، بەڵام مالیکی دژی وەستایەوەو دەستیکرد بە هەڵمەتێکی سەربازی دژی لایەنگرانی لە ٢٠١٤، ئەمەش وای کرد کە خۆی و سوپاکەی بشارێتەوە، ناوبەناویش بە شێوەیەك لە شێوەکان دەردەکەوێت.

دوای ئەوەی مالیکی راپەرینەکەی سەرخی و شوێنکەوتووانی کپکردەوە، کە بە دیدی سیستانی کارێکی باش بوو، مالیکی ئەمەی قۆستەوە بۆ ئەوەی چاوی بە سیستانی بکەوێت، چونکە پشتیوانیی ئەو پشتگیرییەکی بەهێزە بۆ سەرکردایەتیی دەوڵەت، پێنج جار هەوڵی دا سیستانی ببینێت بەڵام پێشوازیی لێ نەکرد، تا گەیشتە ئەوەی کە پەنا بباتە بەر مەهدی ئاسفی کە پێشتر شێخێکی باوەڕپێکراوی حزبی دەعوە بوو، هەروەها بریکاری خامنەئی لە نەجەف، تا لە رۆژی غەدیر سیستانی ببینێت، بەڵام بێهودە بوو، داوای لە ئاسفی کرد نامەیەکی ئەو بگەیەنێتە مالیکی کە تێیدا دەڵێت: یەکەم جارخۆت چاك بکە و هەوڵبدە خواو گەلی ستەمدیدەی عێراق رازی بکەو بەڵێنەکانت جێبەجێ بکە، دواتر بە سینگفراوانییەوە یەکدی دەبینین، هەموو مەرجەعەکانی نەجەفیش هەمان هەڵوێستیان بەرامبەر مالیکی نواند، شێخ بەشیر نەجەفی فتوای دا بەوەی مالیکی لە هەڵبژاردن بێبەش بکرێت، مالکیش ئەوەی بە فتوای ناشەرعی لەقەڵەم دا، مالیکی هەندێ قوتابیی پاکستانی دەستگیرکرد، چونکە نەجەفی بە رەچەڵەك پاکستانییە و لە ٢٠٠٠ رەگەزنامەی عێراقی وەرگرت، لێرەوە دوژمنکاریی و کینەی مالیکی بەرامبەر سیستانی و مەرجەعەکانی لایەنگری ئەو وەك نەجەفی پاکستانی و ئیسحاق فەیاز بە رەچەڵەك ئەفغانی و محەممەد حەکیم عێراقی دەستی پێکرد، دوای ئەوەی مالیکی لە مەرجەعەکان بێ ئومێد بوو کە دژی ئەو و پڕۆژەکەی وەستانەوە، حزبی دەعوەی ئیسلامی بە سەرۆکایەتی مالیکی هەڕەشەی کرد کە محەممەد حوسێن فەزلولڵای لوبنانی دەکاتە مەرجەعی خۆی، لەم دواییەشدا پەرلەمانتار ئەبو ریحاب مالیکی زاوای نوری مالیکی هێرشێکی توندی کردە سەر مەرجەعییاتە ئایینییەکان بەوەی کە هۆکاری گەندەڵین لە عێراق، کاتێکیش لیژنەی پەرلەمان دوای هەشت مانگ کۆتایی هات، تایبەت بە هۆکارەکانی کەوتنی موسڵ، پەرلەمانی عێراق لە ١٦-٦-٢٠١٥ دەنگی بۆ بەرزکردنەوەی راپۆرتێك دا بۆ دادگا بۆ وەرگرتنی بڕیاری گونجاو، راپۆرتەکە مالیکی بە بەرپرسیاری ئەو رووداوە تۆمەتبارکرد کە ئەو کات سەرۆك وەزیران بوو، دواتر مالیکی سەردانی ئێرانی کرد و چاوی بە خامەنەئی کەوت و بەگەرمی پێشوازیی لێکرد و پێی گوت: هەڵوێستەکانی مالیکی ئیسلامی و نیشتمانین، پشتیوانیشی بۆ هێڵی بەرگری و دژایەتیکردن شایانی سوپاس و پێزانینە، بە باشترین سەرۆك وەزیرانی عێراقیش وەسفیکرد.

حزبی دەعوە کە مالیکی سەرۆکایەتیی دەکات لەنێوان سیستانی و خامەنەئی دابەش بووە، تاقمەکەی عەبادی پشتگیریی داواکانی سیستانی دەکات، هەرچی تاقمی مالیکییە پشتگیریی تیۆرەکانی خامەنەئی دەکات، بۆیە ئێران بە هەموو توانایەکەوە هەوڵدەدات مالیکی بگەڕێنێتەوە دەسەڵات لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، چونکە تەنیا ئەوە کە دەتوانێت تیۆرەکەی ولایەتی فەقیهـ جێبەجێ بکات و بەرژەوەندییەکانی ئێران لە عێراق بێنێتەدی، رێکخراوی بەدریش بە سەرۆکایەتیی هادی عامری و عەسائبی ئەهلی حەقی قەیس خەزعەلی و کەتائبی ئەبو مەهدی موهەندیس و بزووتنەوەی نوجەبای ئەکرەم کەعبی پشتیوانی لەم ولایەتە دەکەن، لە کاتێکدا کە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی بە سەرۆکایەتیی عەمار حەکیم و رەوتی سەدر بە سەرۆکایەتیی موقتەدا سەدر ساڵی ٢٠٠٧ لەگەڵ بۆچوونەکانی سیستانی بوون، چونکە بەر لەو رێکەوتە سەدر داکۆکی لە ولایەتی فەقیهـ دەکرد، ئەوەی پەیوەستە بە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامییەوە ناوە کۆنەکەی گۆڕی کە (ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق) بوو، شۆڕشی ئیسلامیی لێ لادا تاکو لە ئەلفوبێی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران دووربکەوێتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی ببێتە ئەنجومەنێکی عێراقی.

مالیکی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٤ سەرکەوت، هاوپەیمانیی نیشتمانی چاوەڕوانیکرد تا ناوەکەی بداتە فوئاد مەعسومی سەرۆك کۆمار تا رایسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت بە پێی بڕگەی یەکەمی

■

**لە ساڵی ١٩٧٩ شۆڕشی ئیسلامی ئێران دژی شا بەرپابوو، خومەینی دەستیکرد بە نوێکردنەوەی تیۆری ولایەتی فەقیهـ، چونکە لای هەندێ فەقیهەکانی شیعە هەبوو، بەڵام ئەو خستیە چوارچێوەی فیکریی سیاسییەوە و دەوڵەتی ئێرانی لەسەر بنیاد نا، بەڵام ئەو تیۆرەی لەلایەن زۆرینەی مەرجەعە ئایینییەکانی لە ژیانیدا و لە دوای مردنیشیدا رەتکرایەوە**

■

**رۆژ لەدوای رۆژ ململانێی نێوان سیستانی و خامەنەئی توندتر دەبێت، ئەمە زیاتر لە عێراق رەنگدەداتەوە، سیستانی چەند کردەوەو هەڵوێستی نواندووە کە عێراقییەکانی ئاسوودە کردووە، لەوانە پشتیوانیکردن لە داواکانی گەلی عێراق تایبەت بە خزمەتگوزارییەکان و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، رەتکردنەوەی تێکدانی پرۆسەی سیاسی وەک هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و گۆڕینی دەستوور**

ماددەی ٦٧ ی دەستووری عێراق، بەڵام هاوپەیمانیی نیشتمانی حەیدەر عەبادی کاندیدکرد، ئەمەش مالیکی بەجارێ شێت و هار کرد و خەریکبوو کودەتایەکی سەربازی بەرپابکات، بەڵام نەیتوانی، چونکە سیستانی پشتگیریی لە کاندیدکردنی ئەو نەکرد، ئەمریکاش زانی کە گەڕانەوەی بۆ دەسەڵات پرۆسەی سیاسی وێران دەکات، تەنانەت سوننەو کوردو پێکهاتەکانی دیکەش بەشداری پرۆسەکە ناکەن، ئێران هەوڵی زۆری دا پشتگیریی مالیکی بکات، بەڵام نەیتوانی هیچ بکات، ڕەنگە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو ئەمە یەکلایی بکاتەوە، ئەوەش لەبیرنەکەین کە ئیدارەی تازەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی ترەمپ و تیمە حکومییەکەی کە بە توندی دژی ئێرانن، ڕەنگە سنوورێك بۆ دەستتێوەردانی ئێران لە ناوچەکە و بەتایبەتی لە عێراق دابنێت.

هەڵوێستی سیستانی هەر بەو شێوەیە مایەوە کە پشتگیریی لە پرۆسەی سیاسی دەکات و هەڵوەشانەوەی پەرلەمان و گۆڕینی دەستووری ڕەتکردەوە و بەردەوامیش بوو لە پشتیوانیکردنی عەبادی و چاکسازییەکانی، هاوکات دیپلۆماسییەتی نەرمی بەرامبەر تورکیا و ئەمریکا بەتایبەتی دوای بڕیارەکەی ئەم دواییەی ترەمپ نواند کە ڕێگە بە عێراقییەکان نادات بێنە نێو ئەمریکاوە، عەبادی دووپاتی کردەوە کە پێویستی بە پشتیوانیی ئەمریکا هەیە لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ئەو هەڵوێستەی ئەمریکا دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ ئەو تاقمانەی لایەنگری ئێرانن بۆ ئەوەی هەڵوێستێکی توند بگرنەبەر بەرامبەر ئەمریکا کە وەك ئەو مامەڵەبکەن و ئەمریکییەکان دەربکەن، بەڵام عەبادی ئەمەی ڕەتکردەوە، پەرلەمانی عێراقیش بڕیارێکی نیمچە کۆدەنگی دەرکرد دژی هەڵوێستی ئەمریکا، کەچی عەبادی هەر سووربوو لەسەر هەڵوێستەکەی پێشووی، چونکە دەرك بە گرنگیی ڕۆڵی ئەمریکا لە ناوچەکە دەکات، هەڵوێستی سیستانیش عاقڵانە بوو، هەڵوێستی مەرجەعی ئایینی (کازم یەزدی) مان بیردەخاتەوە بەرامبەر بە داگیرکردنی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە لە ساڵی ١٩١٤، کاتێ زۆر بە داناییەوە مامەڵەی لەگەڵ واقیعی تازە کرد لەبەر بەرژەوەندیی گەلەکەی، سیستانیش لە ٢٠٠٣ لەگەڵ ئەمریکییەکان بە هەمان شێوەی یەزدی هەڵسوکەوتی کرد. من پێموایە کاتێك سەرکردایەتییە ئایینییەکان دەبنە هۆکار بۆ نانەوەی ئاژاوەو ڕشتنی خوێن، باشتر وایە دەست لە سیاسەت وەرنەدەن، چونکە مامەڵەکردن بە توندوتیژی لەگەڵ براوەی بەهێزدا کە نەتوانیت بەرەنگاری ببیتەوە بە خۆکوژی بەکۆمەڵ دادەنرێت، بۆیە کاتێ مەلیك فەیسەڵی یەکەم لە ساڵی ١٩٢١ گەڕایەوە بەغدا لەلایەن عێراقییەکانەوە بەیعەتی پێدرا، لەوانەش شێخ مەهدی خاڵسی، ئەو کاتە عێراق پێویستی بە بەریتانیا بوو، بۆ واژۆکردنی چەند ڕێکەوتننامەیەك بۆ پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاوەدانیی عێراق، بەڵام شێخ خاڵسی ئەو ڕێکەوتننامانەی ڕەتکردەوە، بە جەماوەرەکەی گوت: من مەلیك فەیسەڵم وەك ئەو ئەنگوستیلەی پەنجەم داکەند، فەیسەڵ هەوڵی دا ڕازی بکات واز لە فتواکەی بهێنێت کە بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەت حەرامە، ئەوەی سەرپێچی ئەم فتوایە بکات بە هەڵگەڕاوەو کافر دادەنرێت لە مەزهەبی شیعە، بۆیە حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتیی عەبدولموحسین سەعدون ناچاربوو لە ساڵی ١٩٢٣ شێخ خاڵس بۆ ئێران دووربخاتەوە کە هەر خۆی ڕەگەزنامەی ئێرانی هەبوو، لەگەڵ ناڕەزایی مەلیك بۆ ئەم بڕیارە تاکو ببێتە وانەیەکی سەخت بۆ هەر مەرجەعێکی ئایینی کە دەست لە سیاسەت وەربدات، وەك پشتیوانییەك بۆ خاڵسی، ئەبولحەسەن ئەسفەهانی و محەمەد نائینی و محەمەد سەدر بڕیاریان دا لەگەڵی بچنە ئێران، لە ساڵی ١٩٢٤ مەلیك شاندێکی لە شیعە بە سەرۆکایەتیی شێخ جواد جەواهیری ناردە ئێران تاکو ڕازییان بکات بگەڕێنەوە عێراق جگە لە خاڵسی، بە مەرجێك دەست لە سیاسەت وەرنەدەن، ئەوان ڕازی بوون بگەڕێنەوە تەنیا خاڵسی مایەوە تا لە ١٩٢٩ بە وەستانی دڵ کۆچی دوایی کرد، لە ١٩٣٢ محەمەدی کوڕی بێ ئاگاداریی حکومەت گەڕایەوە عێراق، دواتر بۆ ئێران دوورخرایەوە، تا لە ١٩٤٩ ڕێگەی پێدرا بگەڕێتەوە، حکومەتی سەعدون وانەیەکی باشی بە مەرجەعییاتە ئایینییەکانی شیعە دا تاکو تەنیا تەرکیز لە پەیامی مۆڕاڵی ئایینی بکەن و لە ڕێچکەی خۆیان دەرنەچن، دەوڵەتیش ئیش و ڕۆڵی خۆی بە شێوەیەکی درووست بگێڕێت، بۆیە ئەو مەرجەعییاتە هەر بەم شێوەیە و دوور لە سیاسەت مانەوە، تا ساڵی ٢٠٠٣، کاتێ مەرجەعییاتە ئایینییەکانی شیعە جارێکی دیکە دەستیان لە سیاسەت وەردا، بەڵام ئەم جارە بۆ یارمەتیدانی حکومەتی عێراق و مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعی تازە بە عەقڵانییەت و لۆژیك، لەپێناو پارێزگاریکردن لە گیان و ماڵ و ناموسی خەڵکەکە، هەروەها بۆ ئەوەی وڵات ڕووبەڕووی ئاشوب و پاشەگەردانی نەبێتەوە.

*** سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

**کاتێ مەلیک فەیسەڵی یەکەم لە ساڵی ١٩٢١ گەڕایەوە بەغدا لەلایەن عێراقییەکانەوە بەیعەتی پێدرا، لەوانەش شێخ مەهدی خاڵسی، ئەو کاتە عێراق پێویستی بە بەریتانیا بوو، بۆ واژۆکردنی چەند ڕێکەوتننامەیەک بۆ پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاوەدانیی عێراق، بەڵام شێخ خاڵسی ئەو ڕێکەوتننامانەی ڕەتکردەوە**

**حزبی دەعوە کە مالیکی سەرۆکایەتیی دەکات لەنێوان سیستانی و خامەنەئی دابەش بووە، تاقمەکەی عەبادی پشتگیریی داواکانی سیستانی دەکات، هەرچی تاقمی مالیکییە پشتگیریی تیۆرەکانی خامەنەئی دەکات، بۆیە ئێران بە هەموو توانایەکەوە هەوڵدەدات مالیکی بگەڕێنێتەوە دەسەڵات لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا**